# شوناسی نەتەوەیی و جوگرافیی نێوچە دابڕێنراوە کوردستانییەکان لە عێراق

پ.ی.د.پشکۆ حەمەتاهیر عبدالرحمن*　　　م. ماجید خەلیل فەتاح**

وشە کلیلییەکان: شوناسی نەتەوەیی، جوگرافیا، نێوچە دابڕێنراوە کوردستانییەکان، مێژوو، کورد
https://doi.org/10.31271/jopss.10052

**پوختە**

شوناسی نەتەوەیی و جوگرافیی نێوچە دابڕێنراوە کوردستانییەکان لە قۆناغەکانی مێژوودا، پرسێکی ئاڵۆزی مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو حکومەتەکانی عێراق بووە، ناوچەکە لەڕووی شوناسی نەتەوەیی و سنووری جوگرافییەوە رووبەڕووی زۆرترین ئاڵنگاریی بووەتەوە، هەوڵەکان بۆ شێواندنی شوناسی نەتەوەیی و جوگرافی ناوچەکە، خۆیان لە پاکتاوی رەگەزی و راگواستن و پرۆسەی بەعەرەبکردندا بینیوەتەوە، هاوکات لەڕووی کولتووری و ئایدیۆلۆژییەوە هەوڵی سڕینەوەی مۆرکی مێژوویی و کوردستانیبوونی ناوچەکە دراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بەوردی پێشینەی پێناسەی نەتەوەیی نێوچەکە و دەستنیشانکردنی سنووری جوگرافی باشووری کوردستان و ناساندنی پێکهاتە ئیتنی و ئاینییەکان ئاماژەیان پێکراوە. توێژینەوەکە لە شەش تەوەردا بەوردی ناوچە کوردستانییەکانی سنووری موسڵ و کەرکوک ودیالە و واستی ناساندووە، پاشان سەرچاوە زانستییەکان و توێژینەوە ئەکادیمییەکان و نوسینی کوردناس و گەڕیدەو بەڵگەنامە فەرمییەکانی پەیوەست بەناوچەکە بۆ سەلماندنی جوگرافیی شوناسی نەتەوەیی و جوگرافییان شیکراونەتەوە.

**ملخص**

**الهوية الوطنية والجغرافية للمناطق الكردستانية المستقطعة في العراق**

كانت الهوية القومية والجغرافية للمناطق المقطوعة الكردستانية ، مسألة غامضة في العلاقات مابين الكورد والحكومة العراقية في مراحل التأريخ .في الحقيقة المنطقة من الناحية الهوية القومية والجغرافية واجهت كثير من الأزمات، وكانت الجهود والمحاولات لتشويه الهوية القومية والعرقية والجغرافية لتلك المنطقة كثيرة ومتنوعة، منها: التطهير العرقي والتهجير والتعريب، ومع كل ذلك حاولوا أيضاً من الناحية الثقافية واللغوية والايدولوجية طمس الحقيقة التأريخية لتلك المنطقة وكوردستانيتها . لذلك أشير في هذا البحث إلى تاريخ هذه المناطق من الناحية الهوية القومية لتلك المناطق إشارة دقيقة، مع تعيين الحدود الجغرافية لجنوب كوردستان، وتعريف بالأقليات القومية والعرقية والدينية

* بەشی مێژوو/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی pishko.tahir@univsul.edu.iq
** ـبەشی مێژوو/ کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی majid.fatah @univsul.edu.iq

فيها .و البحث يتكون من ستة محاور :فيها عينت وعرفت المناطق الكوردستانية الموجودة في مناطق موصل وكركوك و ديالى و واسط بشكل دقيق، كما اشرنا إلى المصادر العلمية والبحوث الأكاديمية، و ذكر المهتمين بالدّراسات الكوردية من الكتّاب والرّحالة، والوثائق الرسمية المتعلقة بالمنطقة، والوثائق التي تؤكد على حقيقة و أحقية القومية والجغرافية والهوية القومية والجغرافية لتلك المنطقة .ورد تحليل كل ذلك في هذا البحث.

**Abstract:**

**The National and Geographical Identity of the Cut-Off Areas from Kurdistan Region of Iraq**

The geographical review of those areas needs academic and scientific research. The national and geographical identity of the cutoff areas Kurdistan regions was an obscure issue in the relations between the Kurds and the Iraqi government in the stages of history. In fact, the region in terms of national and geographical identity faced many crises, and the efforts and attempts to distort the national, ethnic and geographical identity of that region were many and varied, including: ethnic cleansing, displacement and Arabization, and with all that they also tried from a cultural, linguistic and ideological perspective to obliterate the historical reality of that region and its Kurdistan. Therefore, in this research, I refer to the history of these areas in terms of the national identity of those areas, with a precise indication of the geographical borders of Southern Kurdistan, and a definition of the national, ethnic and religious minorities in it.

The research consists of six axes: In it, the Kurdish regions located in the areas of Mosul, Kirkuk, Diyala and Wasit were precisely identified and defined. We also referred to scientific sources and academic research, and mentioned writers and travelers interested in Kurdish studies, official documents related to the region, and documents that confirm the truth and entitlement of nationalism, geography and national identity. and geography of that region. All of this is analyzed in this research.

## دەستپێک

شوناسی نەتەوەیی و جوگرافی نێوچە دابڕێنراوە کوردستانییەکان لە قۆناغەکانی مێژوودا، ئاڵۆزترین پرسی مێژووییە لەنێوان نەتەوەی کوردو دەوڵەتی عێراق، بەردەوام بەشێک لە ڕەخساندنی زەمینەی زەوتکردنی ڕەوایەتی مێژوویی و جوگرافی ئەوناوچانە بریتیبووە لە شێواندنی شوناسی نەتەوەیی و جوگرافییان، لە تەمەنی سەد ساڵی دەوڵەتی عێراقدا، نێوچەکە لەڕووی جوگرافییەوە بەرتەسککراوەتەوەو لەڕووی نەتەوەییەوە پاکتاوکراوە.

لەم سۆنگەیەوە توێژینەوە ئەکادیمییەکان لەهەمبەر پەیجوریی شوناسی نەتەوەیی و سنووری جوگرافیی ناوچەکە بایەخێکی گەورەی دەبێت لە کردنەوەی گرێکوێرەکانی داهاتووی ناوچەکە. ئەو ناوچەیەی کە مەبەستی توێژینەوەکەمانە، ناوچەیەکی فرەئیتنی و ئاینییە، وەڵێ لە ڕەهەندی مێژوویدا بەڵگەکان نیشاندەری ڕاستییەکی مێژوویین، کە پاکێجێکن لە چوارچێوەی کوردستاندا جیاناکرێنەوە.

لەم توێژینەوەیەدا، شەش تەوەری دیاریکراو خراونەتە ڕوو، لە دەستپێکدا سەرنجێکی گشتی سەبارەت بەناوچەکە باسکراوەن لە تەوەری دووەمدا پێکهاتەی ئاینییە کوردییەکان باسکراون، ئەوانەی لەچوارچێوەی دابڕانیان لەنەتەوەی کورد دەخوازرێت هاوسەنگی نەتەوەیی ناوچەکە بەئاقارێکی تردا ببرێت. هەروەها لەتەوەری سێیەمدا لەڕووی کارگێڕییەوە ناوچەکە ناسێنراوە، لە سێ تەوەری کۆتاییدا بەجیا هەریەک لە سنووری موسڵ، کەرکوک، دیالەو واسیت ئاماژەیان پێکراوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سەرچاوەگەلێکی کوردناسیی لەوانە: باسیلی نیکیتین، مارک سایکس، لۆندگریک، مینۆرسکی سودیان لێوەربگیرێت، هەروەها سەرچاوە سەرەکییەکانی مێژوونووس و جوگرافیناسە موسڵمانەکان سودیان لێبینراوە، لەوانە بلازری، ئیبن حوقل، استخری و هتد. هاوکات نوسەرە ئەکادیمییەکانی وەک شاکر خسباک، عەبدوڵا غەفور، خەلیل ئیسماعیل محمد بۆ ناساندنی زانسیانەی سنووری جوگرافی ناوچەکە سودیان لێبینراوە، جگە لە سەرچاوەو تێزە ئەکادیمییەکانی زانکۆکان. هاوکات نوسینی گەڕیدەکان نەخشێکی دیاری لە ناساندنی شوناسی نەتەوەیی سنوورەکەدا بینیوە، بەتایبەتی نوسینەکانی نیبور و ئەو بەڵگەنامانەی کە بەفەرمی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێشکەشی لیژنەکانی پەیوەست بە یەکلاکردنەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ خستویانەتەڕوو.

## یەکەم: سەرنجێکی گشتی لەسەر شوناسی جوگرافی و نەتەوەیی نێوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان

لە وڵاتانی پاش کۆڵۆنیالیزم (post colonial)[١]، چەمکی (دەوڵەت ـ نەتەوە) وەک یەکەیەکی یاسایی چێنراو وایە. وڵات کیانێکی دەستکردی هێزی کۆڵۆنیاڵە، نەوەکو خەڵکی وڵاتەکە خۆیان، چوون دەوڵەت لە پرۆسەیەکی گەشەی سروشتیی کۆمەڵایەتیدا دروستنەبووە، لێرەدا دەوڵەت لە چەند رەگەزێکی ئایدیۆلۆجی و سیاسی دژبەیەک و ناتەبای ئیتنی و ئایینی پێکهاتوون و گەشەیان نەکردووە بۆ نەتەوە [٢]. زۆرجار لەو ململانێ ئیتنی و ئایینیە نەخەمڵیوانەدا بۆ دەوڵەت، نەتەوەیەک باڵادەست و ئەوانیتر رووبەڕووی سڕینەوەی شوناس و خاک و خەڵک و فەرهەنگ و ئایینی رابردوویان دەبنەوە[٣]. لێرەشدا رۆڵی پرۆسەی نیشتیمانسازی بە لاوازی دەمێنێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا چەمکی دەوڵەت لە چارەنووسی کوردی عێراقدا شوێنی نەبوویەوە، بۆیە لەم (دەوڵەت ـ نەتەوە)یەی عێراقدا، وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت(nation without state) ماوەتەوە . ئەم نەتەوانە گروپی وابەستەن بە خاکەوە و خودانی شوناسی خۆیانن، ئەوان ئارەزووی دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە، بەڵام قەدەری قۆناغەکە لە چوارچێوەی وڵاتێک یان چەند وڵاتێکدا کە خۆیان بە دەوڵەت ناساندووە ئەوانی هێشتووەتەوە[٤]، بۆیە دەکرێت پێکهاتەی کیانی سیاسیی عێراق لە م چوارچێوەیەدا شوێنی بێتەوە. ئەوەتا بیری سیاسیی و بەرنامەی دەوڵەتداریی لە عێراقی هاوچەرخ دا نەیتوانی چەمکی ( دەوڵەت ـ نەتەوە) لە خۆیدا بەرجەستە بکات، چوون (دەوڵەت ـ نەتەوە)ی راستەقینە مافی یەکسان دەداتە هاوڵاتیانی و ئامێزانی چەندین پێوەندی شاقووڵی ئابووری لە خۆیدا بەرجەستە دەکات[٥]، هەرچەند مەرجیش نییە هەموو دەوڵەت نەتەوەیەک ئەو یەکسانییە فەراهەم بهێنێت، بەڵام عێراق لە سەرەتای دروستبوونییەوە، یەکێک لە پایە هەرە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە یەکێتی بیرو نەتەوە و ئایین بوو ئامادەیی نەبوو. بەڵکو رێچکان و رێبازی جیاجیای مەزهەبی و نەتەوەیی شیعەو سوننە و کورد و پێکهاتە نەتەوەییە ناموسڵمان و موسڵمانەکان، تێکڕا

[١] پۆست کۆڵۆنیالیزم، دەستەواژەیەکی داهێنراوی قۆناغی کۆتایهاتنی کۆڵۆنیالیزمی راستەوخۆیە، پاش دروستبوونی دەوڵەت نەتەوەکانی پاش قۆناغی کۆڵۆنیایزمی وڵاتانی ئەوروپی، بە شێوازی جیاواز کۆڵۆنیالیزم درێژەی هەبوو، ئەویش بە دەستێوەردان لە وڵاتانی تازە دامەزراو و سەرلەنوێ وابەستەکردنەوەی رەوشی ئابوری و سیاسی و سەربەخۆییان بە خۆیانەوە.
(Ashcroft, Bill, Gareth Griffiths and Helen Tiffin, The Post-Colonial Studies Reader,Routledge, USA and Canada, 2003,p4_7).

[٢] شێرکۆ کرمانج: شوناسی عێراق، ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٤٨.

[3] Elem Eyrice Tepeciklioğlu: The Development of Postcolonial Theory, YaŞar University, Bremen,2012,p2-3.

[٤] شێرکۆ کرمانج: هـ.س، ل ٤٧ـ٤٩.

[٥] هـ.س، ل٤٩.

کەوتنە ژێر ڕکێفی فیکرو فەلسـەفەی فەرمـانبەرداریی سـوننەی عەرەبەوە. بەجۆرێـک شـوناسی گەلی عێراق بە مردوویی لە دایک بوو، چـوون هەر زوو خەڵکانێـک لە چوارچێـوەی کیـانێکی سیاسـیدا بە تۆپزی چەپێنران، لەکاتێکدا هیچ جۆرە بیرێکی نیشتیمانی پێکەوە گرێـی نەدەدان. تەنـانەت لە یەکەم دەستووری بنچینەیی عێراقدا، کە ساڵی ١٩٢٥ بڵاوکرایەوە بە وشەیەکیش ئاماژە بە نەتەوەی کـورد و کوردستان نەکرا[١]. لە دەستپێکدا دەسەڵاتی پاشایەتی تایبەتمەنـدی (دەوڵەت ـ نەتەوە)ی دایە هەمـوو عێـراق، بەڵام مـافی هـاوڵاتیبوونی بەیەکسـانی و پەیوەنـدیی شـاقوڵی ئـابووریی نەدایە عێراقییەکـان، هەرچەند دەوترێت عێراق تەنها کیانێکی کۆمەڵایەتی بوو، لە کاتێکـدا دەبـوو هەم کـۆمەڵایەتی بێـت هەم یاسـایی[٢]. بەڵام لەراسـتیدا فرەیـی ئـایینی و نەتەوەیـی عێـراق نیشـانەی نەبـوونی کیـانێکی کۆمەڵایەتی بەهێزیشە، هاوکات عێراق شوناسی نیشتیمانی نەبوو، چـوون شـوناسی عێـراق لەو فـرەییە ئایینی و ئیتنییەدا، وابەستە کـرا بە شـوناسی ڕەچەڵەک و ڕێبـازێکی ئـاینی و زمـانێکی دیـاریکراوەوە. بەریتانیایش لە سەرەتاوە بەڵێنی دا کە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانی تر لەیەک بۆتەدا بتـوێنەوەو ناسنامەیەکی نەتەوایەتی نوێیان بکات بە بەردا، تا بتوانێت بە بەرژەوەندییەکی هاوبەش هەمووـیان پێکەوە ببەستێتەوە، بەڵام هەر لە دەستپێکەوە ناگەهان تاقمێکی دیـاریکراوی عەرەبی سـونی بـوونە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاو بەرژەوەندی تەسکی خۆیان[٣] .

هەرچەند لە ویلایەتی موسڵدا کورد خاوەندارییەتی مێژوویی و جوگرافیی هەبوو، بەتەواویـش لە ڕووی پێوەنـدیی و ئاشـنایەتیی لێکچـوونی بونیـادی نەتەوەیـی و کولتـووری و ئـاینییەوە لەگەڵ ویلایەتەکـانی تـر لێکجیـاواز بـوون، تەنـانەت عەرەبی بەسرە لەگەڵ عەرەبی کەنـداوا پێوەنـدیی مێژووییان هەبوو، هاوکات عەرەبەکانی موسـڵ، زیـاتر لەگەل عەرەبی سـوریادا لە پەیوەندیـدا بـوون، هیچکام لە عەرەبەکـانی موسـڵ و بەسرە پەیوەنـدییەکی ئەوتۆیـان لەگەڵ عەرەبی بەغـداد نەبـوو. تـا سـاڵانێکی پـاش دامەزرانـدنی دەوڵەتی عێـراقیش، زیـاتر لەڕووی داب و نەریـت و سـەرو سـیماوە، عەرەبەکانی موسڵ وابەستەی عەرەبی حەلەب بوون[٤].

پێکهـاتەیەکی نەتەوەیـی تـر لەو سـنوورانەدا تورکمانەکـان بـوون، سـنووری نیشـتەجێبوونی تورکمانەکان لە قەزای تەلەعفەر هەڵکەوتوو لە (٦٠)کـم ڕۆژئـاوای موسـڵەوە دەسـتپێدەکات، بەرەو باشـووری ڕۆژهەڵات بە ئاڕاسـتەی هەولێـر وبەرەو باشـوور تـاوەکو ئـاڵتون کـۆپری وکەرکـوک درێژدەبنەوە، دیسانەوە لە باشوورەوە بەرەو ناحیەی تازە خورمـاتوو، قەزای دووزخورمـاتوو، نـاحیەی بەیـات وقەزای کفـری درێـژدەبنەوە بەرەو باشـووری ڕۆژهەڵاتی عێـراق لە سـنووری پارێزگـای دیـالە بەتایبەتی قەزای خانەقین وناحیەی زڕباتیەو سەعدیەو جەلەولا[٥]. ئەوان زیاتر لە سـنووری کەرکـوک

---

[١] مەحمـود مەلا عـزەت: بازنەکـانی ململانـێ وسـتراتیجی ئاسایشی_ نەتەوەی کـورد، چاپخـانەی ڕەنـج، چ٢، سـلێمانی، ١٩٩٩،ل٢٥.

[٢] د. شێرکۆ کرمانج: س.پ، ل ٤٩.

[٣] مەحمودی مەلا عیززەت: هـ.س، ل٢٣.

[٤] شێرکۆ کرمانج:هـ.س،ل ٥٠.

[٥] محمود الشناوی: العراق التاه بين الطائفية والقومية، هلا للنشر والتوزيع،ط١، قاهرة، ٢٠١١، ص٧٨.

و ئاڵتون کۆپری دا نیشتەجێکراون، لەوێ بەزۆری کاری وەرزێریی بوون لە رۆخی رووباری دیجلە و دەشتاییەکانی رۆژهەڵاتی موسڵدا[١]. هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لە سەردەمی ئومەوی[٢] و عەباسییەکان بەتایبەتی لە سەردەمی خەلیفە موعتەسەم بیلا(٧٩٦_٨٤٢) هاتوونەتە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و عێراقەوە[٣]. بە کورتی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەم بۆچوونانە دەکەن:

١- بەمەبەستی وابەستەبوون بە سوپای موعتەسەمەوە هێنراون و نیشتەجێکراون.

٢- لەسەردەمی سەلجوقییەکانەوە(١١٥٧) . لە ئەنادۆڵەوە هێنراون بۆ باکووری عێراق و نیشتەجێبوون.

٣- سەد هەزار کەس بوون و لەسەردەمی تەیموری لەنگ(١٣٣٦_١٤٠٥) دا نیشتەجێکراون.

٤- لەسەردەمی سوڵتان سەلیم(١٥١٢_١٥٢٠) و سوڵتان سولەیمانی قانونی(١٥٢٠_١٥٦٦) دا بۆ مەبەستی پاراستنی رێگە سنوورییەکانی عوسمانی هێنراون، یاخود نەوەی ئەو سەربازانەن کە عوسمانیەکان بە درێژایی ئەو سنوورانە نیشتەجێیانی کردوون[٤]. هەر لەو قۆناغەدا بەشێکیان لە نێوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان نیشتەجێکراون[٥].

بەگشتی عێراق پێکهاتەیەکی پەرتەوازەی دابڕاوبوو لە هەستێکی نیشتیمانی هاوبەش[٦]. جیا لەوەی عێراق، وڵاتێکی فرە ئایین و نەتەوەیە، باشووری کوردستانیش بە هۆکاری هەڵکەوتەی جوگرافی و نەبوونی کیانێکی سیاسیی و لەباری خاکەکەی، ناوەندێکی فرە نەتەوەو ئایین و کەلتووری جیاجیایە[٧]. کەواتە هەر لە هەوەڵەوە تەدارەکی ئەوە کرابوو کە عێراق لە دامەزراندنییەوە، دەبێتە زەمینەیەکی زیندووی لەبار بۆ ناکۆکی و ململانێ لەسەر باڵادەستی و شێواندنی ناسنامە و نەریتی نەتەوەیی یەکتریی. چونکە لە جوگرافیای عێراق دا دابەشبونێکی ئایینی و نەتەوەیی هەبوو، کورد نەک لە دابەشبوونی نەتەوەییدا خودانی خەڵکی تایبەتمەندی خۆی بوو، بەڵکو لە دابەشبوونە ئایینییەکەی عێراقیشدا تایبەتمەندبوو. دابەشبوونی ئایینی عێراق لەم سێ ناوچەیە دا خۆیدەبینییەوە:ـ

١. نێوچەی عەرەبی شیعەنشین:ـ

هەموو لیواکانی باشووری بەغدادی دەگرتەوە، کە زۆرترینی چڕی دانیشتوانی عێراق لەو

---

[١] مارک سایکس: القبائل الكردية في الامبراطورية العثمانية، ت: د. خليل علي مراد،دار الزمان، موصل، ٢٠٠٧، ص ٢٧.

[٢] حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی (٦٦٠_٧١٤) والی عێراقی سەردەمی ئومەوییەکان بوو، شاری کوت(واسط) بونیاد نا و بەشێک لە تورکمانەکانی لەوێ نیشتەجێکرد.(حسام داود الاربلي :الترك والتاريخ التركي في العراق،ط١، اربيل،٢٠١٨، ص٢٤٠).

[٣] عبدالرقيب يوسف: حدود كردستان الجنوبية، ص٢٨٢؛ محمود الشناوي: م.س،ص١٦٧-١٦٩.

[٤] سهام فوزي: التحول الديمقراطي في المجتمعات الاثنية دراسة مقارنة العراق و جنوب افريقيا، مركز دراسات وحدة العربية، ط١، بيروت،٢٠١٩، ص١٦٥.

[٥] محمود الشناوي: م.س، ص١٦٩_١٧٠.

[٦] حنا بطاطو: العراق، الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، الكتاب الاول، ت: عفيف الرزاز،ط١، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٩٩، ص٤٤؛ شێرکۆ کرمانج:س.پ، ل٢٢_٢٣.

[٧] عەبدوڵڵا غەفور: جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ٤، هەولێر ٢٠٠٥، ل١٨٢.

شوێنانەدا بوو، تەنانەت لە ڕووی جوگرافیای سروشتیشەوە هەرێمێکی جیاواز و تایبەتمەندبوو لە دەشتایی و زۆنگ کە تاوەکو شوێنی بەیەکگەیشتنی ڕووبارەکانی (دیجلە و فوڕات) درێژ دەبوویەوە. دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە ڕووی پێکهاتەی ئیتنییەوە، عەرەب بوون، هەرچەند کە بەردەوام ئێرانییەکان چاویان لەسەر بەسرەو شوێنە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا بوو، دەیانەویست ناسنامەیەکی ئێرانیبوونیان بەسەردا ببڕن. هاوکات لە ڕووی ئاینییشەوە بەتەواوی موسڵمانی شیعە نەبوون، بەڵکو لە شارەکانی بەسرە و ناسریەو قەزای زوبێردا پێکهاتەیەکی سوننەی عەرەبی بەهێز هەبوون[1].

٢. ناوچەی عەرەبی سوننەنشین:-

لە بەغدادەوە بەرەو باکوور، لە نێوان موسڵ و بەغداد دا ناوچەی نیشتەجێبوونی عەرەبی موسڵمانی سوننە دەستپێدەکات. دیسانەوە لەو سێگۆشەیەی سوونەنشینی عەرەبدا، شیعەکانیش بوونیان هەیە، ناوچەکانی سوننە دەکەونە نێوان کورد و عەرەبی شیعەوە.

٣. ناوچەی کوردنشین:-

هیلالێکی شاخاوی و بارانیاوەیە دەکەوێتە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراقەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆرینەی کورد سوننی مەزهەبن، بەڵام خاوەنی تایبەتمەندییەکی ئایینین کە لە عەرەبەکانیان جودا دەکاتەوە، چونکە کورد پەیوەستن بە ڕێبازو ڕەوگە سۆفی و عیرفانییەکانەوە، ئەم تایبەتمەندییە لە نێو موسڵمانی عەرەب دا لە سەردەمی پاشایەتی دا، هەر زوو ئەو زیندوویەتییەی کە لەنێو کورد دا بوونی هەبوو، لە دەستیان دابوو. لەنێو کوردیشدا، بەتایبەتی لە قەزای خانەقین و بەشێک لە ناوچەکانی پارێزگای دیالە و بەغداد دا کوردی موسڵمانی شیعە، کە زۆربەیان بە کوردی فەیلی ناسراون بوونیان هەیە[2]. هەروەها کاکەییەکان کە بە ئەهلی هەقیش ناودەبرێن وەک کۆمەڵێکی ئیتنۆ ئایینی بەشێکیان لە کەرکوک و خانەقین دەژین، ئەم گروپە خاوەن باوەڕێکی ئایینی تایبەت بە خۆیانن٣، بۆیە وەک هۆزو تیرەیەک نەناسراون، بەڵکو ڕێبازێکی ئایینی کوردین و ناوەکەیشیان لە کوردییەوە هاتووە، بەپێی هەندێک سەرچاوە لە کۆتایی دەسەڵاتی عەباسییەکاندا، ئاماژە بەچەند ناوچەیەکی کەرکوک دەکرێت کە کاکەییەکانی تێدا نیشتەجێ بوون[4].

٤ـ کەمایەتییە ناموسڵمانەکان لەنێو ئەو سێ پێکهاتەیەی سەرەوەدا، تاوەکو پیش کۆچی جووەکان ١٩٤٧، بە پێی ئاماری فەرمیی سەرژمێرییەکان نیزیکەی (٦ـ٧%) کۆی دانیشتوانی عێراق

[1] حنا بطاطو: العراق، الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثمانى حتى قيام الجمهورية، ج١، ص ٥٧ـ٥٨.

[2] م. ن،ص٥٨ـ٦٠.

[3] د. رشاد میران: ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا،چ٢،سەنتەری برایەتی، هەولێر،٢٠٠٠، ل١٥٢.

[4] ناوی ئەو ناوچانەی کە کاکەییەکان تێیدا نیشتەجێبوون، لەوانە: گەڕەکەکانی کەرکوک بەتایبەتی گەڕەکی چای ، هەروەها گوندەکانی تۆپزاوە، عەلی سەرای، زنقرن تل رابعة، دلسی بچوک و دلسی گەورە، زنکلاوە، عرب کویی، متیق، ئاسکی سەرای، گوندی ئەبو کصە.(عباس العزاوی: الكاكائيه فى التاريخ، طبع شركة تجارة والطباعة محدودة، بغداد،١٩٤٩،ص٣٦،٨،٤).

بوون[1]. هاوکات بە گوێرەی مارک سایکس ئەم پێکهاتـانە، لە نەتەوەو نەژادی دەرەوەی نێـوچەکەن، بەشێکیان ئارامییەکانن، کە نوێنەرایەتی مەسیحییە نەستوری و یەعقوبییەکانی سنووری موسڵ دەکەن. زاڵـترین بۆچـوون لەبـارەی نەژادیـانەوە، بە نەتەوەی کـورد هەژماریـانکردوون و ئەوانەن کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیح لە پێش هاتنی ئیسلامدا بوونەتە مەسیحی[2].

بەگشتی ئاماری دانیشتوانی کورد لە باشووری کوردستان، بە گوێرەی هەریەک لە سەرژمێرییەکانی بەریتانیا ١٩٢١، عێراق ١٩٢٢، تورکیا ١٩٢٣، کە هەر یەکەیان بە گوێرەی بەرژەوەنـدییەکانی خـۆی، تـا رادەیەکی دیاریکراو ئاڵوگۆڕیان لە رێژەکەدا کردووە، بە گوێرەی ئەم خشتەیەی خوارەوەیە.

خشتەی ژ(١) رێژەی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی (ویلایەتی موسڵ)

| نەتەوە یان ئایین | سەرژمێرییەکانی بەریتانیا ١٩٢١ | سەرژمێرییەکانی عێراق ١٩٢٢ | سەرژمێرییەکانی تورکیا ١٩٢٣ |
|---|---|---|---|
| کورد | ٤٢٤٧٢٠ | ٤٩٤٠٠٧ | ٢٦٣٨٣٠ |
| عەرەب | ١٨٥٧٦٣ | ١٦٦٩٤١ | ٤٣٢١٠ |
| تورک | ٦٥٨٩٣ | ٣٧٦٥٢ | ١٤٦٩٦٠ |
| جوو | ٦٢٢٥٥ | ٦١٣٣٦ | ٣١٠٠٠ |
| ئێزیدی | ٣٠٠٠٠ | ٢٦٢٥٧ | ١٨٠٠٠ |
| کۆچەری | | | ١٧٠٠٠٠ |
| مەسیحی | ١٦٨٣٧ | ١٣٩٧٧ | |
| کۆی گشتی | ٧٨٥٤٦٨ | ٨٠١١٧٠ | ٧٦٣٠٠٠ |

سـەرچاوە: کـۆمەڵەی نەتەوەکـان: راپـۆرتێکی پێشـنیارکراو بە ئەنجـومەن لەلایەن لیـژنەی دامەزرێنراو بە بڕیـاری ئەنجومەن لە ٣٠/ئەیلول/١٩٢٤، ولایەتی موسڵ، جنێف ٢٠/ئاب/١٩٢٥ پرسی سنووری نێوان عێـراق و تورکیـا، و: میـنە، چاپخانەی کارۆ، چ١،سلێمانی،٢٠١٢، ل١٠٣.

لە خشتەکەدا بەرژەوەندییەکانی کورد لە سەرژمێرییەکاندا رەچاونەکراون، لە هەمانکاتـدا بە گـوێرەی هەریەک لە سەرژمێرییەکانی وڵاتانی نەیار بە پرسی کورد لەو قۆناغەدا، رێـژەی کـورد بە جیـاوازییەکی زۆرەوە لە پێش ئەوانیتردایە. باشترین بەڵگەیەک بۆ سـەلماندنی شـوناسی نەتەوەیـی تەواوی نـاوچەکە دیسانەوە بەڵگە فەرمییەکـانی کـۆمەڵەی نەتەوەکـانە، چـوون لە دووا بڕیاریانـدا رایانگەیانـد:" ئەگەر بەڵگەی نەتەوەیـی بە تەنیـا ئامـاری لەسـەر بکرێـت، بەرئەنجـامی پێویسـت ئەو دەوڵەتە کـوردییە سـەربەخۆیە دەبێـت، کە دەبێـت دابمەزرێـت، لەبەرئەوەی کـورد پێـنج بەش لە هەشـت بەشی

[1] حنا بطاطو:م.س،ج١، ص ٥٩.

[2] مارک سایکس:القبائل الكردية، ص٢٨.

دانیشتوانەکەیە"[١].

هەرچەند لەو بەڵگانەی کە خرابوونەڕوو شوناسی راستەقینەی پێکهاتە ئاینییەکانیش شێوێنراوەو لە چوارچێوەی نەتەوەی کورد دا شوێنیان نەکراوەتەوە. بۆنموونە بەشێک لە جووەکان، مەسیحییەکان، فەیلییەکان، شەبەک و کاکەیی و ئێزیدییەکان، تەنانەت کۆچەرەکانیش کە دیسانەوە رەوەندی کورد بوون، لە سەرژمێرییەکاندا بە جیا لە کورد باسکراون.

لەمبارەیەوە ( ئەمین زەکی بەگ) نوسیویەتی:" چونکە بحثی قومیت (ئەتنوغرافی) دەکەین نابێ تماشای اختلافی عقیدە و اجتهاد بکری، هەروەکو (مفصل جغرافیة العراق) قسمی کلدانی و سریانی و جولەکە و عناصری تری عێراقی لە زمرەی قومی عەرەب حساب دەکا، وا لازم بوو کە طائیفەی (یزیدی) و گاور و جولەکەکانی ناو کوردیش لە اصلی خۆیان کە کوردە جو "[٢]. لیژنەکەی (کۆمەڵەی نەتەوەکان) بۆخۆیان دانیان بەوڕاستیانەدا نابوو، کە ئەو پێکهاتانە یان کوردن یان لە کوردەوە نێزیکن، ئەوەتا لە دووا بڕیارەکانیاندا نوسراوە:"گەر بەڵگەی نەتەوەیی ئەژماربکرێت، یەزیدیی کە زۆر لە کورد دەچێت و تورکەکانیش کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت بچوێنرێن بە کورد، دەبێ بخرێنە ناو خەملاندنی ژمارەی کۆتاییەوە ئەو کاتە حەوت لە دە بەشی دانیشتوان پێکدەهێنن."

## دووەم: پێکهاتە ئاینییە کوردییەکانی ناوچە دابڕێنراوەکان:

لێرەدا بەکورتی ئەو کەمایەتییانەی کە لە نێوچە دابڕێنراوەکاندان و بە کوردیان ئەژمارنەکردوون، ئاماژە پێدەکەین:

**١. ئێزیدییەکان:-**

ئێزیدییەکان بەشێکی زۆری کورد لە موسڵ و دەوروبەری پێکدەهێنن، بەشێوەیەکی سەرەکی لە قەزاکانی (شەنگال، شێخان، تەلکیف، موسل، بەعشیقە، رەبیعە، زومار، تەلەعفەر) دا نیشتەجێن[٣].

بەریتانییەکان لە یاداشتەکانی پەیوەست بە (کۆمەڵەی نەتەوەکان)، سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی ویلایەتی موسڵ، پێیان وابوو کە ئێزیدییەکان لەوانەیە لە بنەچەدا کورد بن، بەڵام بێگومانبوون کە موسڵمان نین. بۆیە بەریتانیا لەسەر نەخشەی ئەتنۆگرافییەکەی کە خستییەڕوو، ئێزیدییەکانی بە رەنگی جیاواز دیاریکردبوون، کەچی لە نەخشەکەی ساڵی ١٩١٠ دا کە لەلایەن کۆمەڵەی جوگرافیای مەلەکییەوە بڵاوکراوەتەوە و حکومەتی تورکیا هەڵیبژاردووە، ئێزیدییەکان و کورد بە هەمان ژمارە هەڵبژێردراون[٤]. لەراستیدا بۆچوونی زاڵ وایە کە ئەوان دێرینترین پێکهاتەی ئاینین لە رۆژهەڵاتی

[١] وەرگیراوە لە// هـ.س، ل١٩٢.
[٢] محمد امين زكی بگ: کورد و کوردستان،ج(١،٢،٣)، چاپخانەی دار السلام، بەغداد،١٩٣١، ل ٢٨،٢٩.
[٣] خسرو گوران: الكرد في محافظة الموصل، ت: حازم هاجاني، دار سبيريز للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٦، ص٧١.
[٤] کۆمەڵەی نەتەوەکان:س.پ، ل١٦٤.

ناوەڕاستدا و لە نەژادی کوردن و زمانی قسەکردن و ئەدەبیاتی نوسراوی ئاینییان کوردی کرمانجییە، شوێنی نیشتەجێبونیان زیاتر لە شەنگار، شێخان، بەعشیقە و موسڵ و دەوروبەریدایە[١]، تەنانەت مێژوونووسان ئاینەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ سەر ئاینی زەردەشتی، کە ئاینێکی کۆنی کوردیی پیش ئیسلامە[٢]. یاخود بە پاشماوەی ئاینی (میترا)ی دادەنێن کە دیسانەوە یەکێکە لە ئاینە دێرینەکانی کوردستان[٣].شەرەفخانی بەدلیسی- پێیوایە لە رووی نەژاد و زمانەوە کوردن[٤]. (مارک سایکس) نوسیویەتی: "ئەوانە یەکێتییەکی خێڵەکین و لە (شەنگار) دان و تێکڕا کوردن"[٥]. هەر سەبارەت بە کوردبوونی ئێزیدییەکان، مینۆرسکی نوسیویەتی:" نزیکەی (١٠٠) ساڵ لەمەوبەر ئێمە ئەوەمان زانی، کە کوردەکان کتێبێکی ئاینییان هەیە، لە ساڵی ١٨٩٥ مسیۆنێری ئینگلیز (ئۆ.باری) بۆیەکەمجار بڵاوی کردەوە کە دوو کتێب بوون بەناوی مەسحەفی رەش و کتێبی جیلوە"[٦].

بەریتانییەکان بایەخی زۆریان بە ئێزیدییەکان دەدا، پییان وابوو، نێوچەکەیان بۆ مانەوەی بەرژەوەندی بەریتانیا نێوچەیەکی ستراتیژیە، بۆیە لە دەستپێکدا ئێزیدییەکان نەیاندەویست بچنە سەر عێراقی عەرەبی، ئەوان دەیانەویست لە سنووری دەسەڵاتی کورد دا بن. دوواجار فەرمانداری موسڵ، کۆلۆنێل (نولدر) بە نوسراوی فەرمی دڵنیای کردنەوە کە گەر پابەندبن بە پشتیوانی فەیسەڵ و نێوچەکەیان بخرێتە سەر عێراق، ئەوا ئینتیدابی بەریتانیا لەسەر نێوچەکەیان بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە، بەمەیش لەو دڕدۆنگییە رەوانەوە کە پێیان وابوو، دەسەڵاتی عەرەب لە نێوچەکەیان لە مافە ئاینی و نەتەوەییەکانیان بێبەشیان دەکات[٧]. لە راپۆرتی (لچمان)[٨] دا کە لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩١٨ دا نوسراوە، پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشرێت، کە ئێزیدییەکانی شەنگارو مەسیحییەکان ترسی خۆیان لە هاتنی نوێنەری (شەریف حسێن) ناشارنەوە و بە فەرمی داوایان کردووە کە هیچ موسڵمانێک نەکرێتە والی نێوچەکەیان[٩].

لێرەوە دەردەکەوێت یەکێک لەو هۆکارانەی کە پشتیوانی پرۆژەی بەریتانیا بوون، ئەوە بوو کە

---

(1) Dave van Zoonen Khogir Wirya: The Yazidis of Reconciliation and Conflict, Middle East Research Institute, arbil, 2017, p8-9.

(٢) د. محمد التونجی: الیزیدیون واقعهم تاریخهم معتقداتهم، الناشر دار السلفیة،ط١، حلب،١٩٨٨،ل٤١.

(٣) زید عدنان ناجی: اقلیات العراق فی عهد الملکی، دراسة فی الدور السیاسی و البرلمانی، مطبعة الرافدین،ط١، بیروت، ٢٠١٥، ل ٣٧.

(٤) الشرفنامة فی تاریخ الدول والامارات الکردیة، ت:ملا جمیل بندی الروزبیانی، مطبعة النجاح،بغداد، ١٩٥٣، ص٢٣.

(٥) مارک سایکس: القبائل الکردیة،ص٧٢.

(٦) مینورسکی:کورد، و: د. مارف خەزنەدار، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤، ل١١٣.

(٧) عدنان زیان فرحان:السیاسة البریطانیه تجاه الاقلیات الدینیة فی العراق ١٩١٤-١٩٤١، أطروحة ماجستیر غیر منشورة، جامعة دهوک، کلیة الاداب، قسم التاریخ، ٢٠٠٩، ل١١٤-١١٥.

(٨) کۆلۆنێل لیچمەن حاکمی سیاسی موسڵ بوو، لە خان زاری لەلایەن کوردەوە کوژرا.( ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب(١-٤)، بنکەی ژین،چ٣، سلێمانی،٢٠١٦، ل٢٨).

(٩) مارک سایکس: القبائل الکردیة، ص٣٥.؛ فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل ١١-١٢.

بەریتانییەکان لە سەرەتاوە دەسەڵاتێکی فراوانیان دابوویە رابەری ئێزیدییەکان لە چیای شەنگار[١]، خاڵێکیتری گرنگ ئەوەیە،روانگەی عێراق بۆ ئێزیدییەکان، ناسنامەیەکی شێواو بوو، چوون نە بە کوردیان ئەژمار دەکردن، نە ئایینەکەیان وەک ئاینێک بە فەرمی ناسێنرابوو[٢]. لەکاتێکدا لە ئەنجامە ئەتنۆگرافییەکاندا کۆمەڵەی نەتەوەکان ئەوەی خستبووە روو کە ئێزیدییەکان بە هۆی جیاوازی ئاینییەوە بوونەتە پێکهاتەیەکی جیاواز و لە رووی نەتەوەییەوە کوردن[٣].

٢. شەبەک:

شەبەک (٥٠٠) خێزانێک دەبوون، ئەوان تەنها لەرووی ئاینییەوە سەر بە مەزهەبی شیعە بوون، یاخۆ رەوگەکەیان خۆگونجاندنێکی بیروباوەڕی دێرینی خۆیانە لەگەڵ ئیسلامدا. هەندێک لە مێژوونوسان پێیان وایە کە شەبەک، لە شوانکارەکانی کوردن و بنەچەیان لە کوردە فەیلییەکانە، ئەوانەی لە سنوورەکانی عێراق و ئێراندا نیشتەجێن، لە جەلەولاو خانەقین ومەندەلی لە باکوورەوە، تاوەکو نێوچەکانی رۆژئاوا لە بەدرەو جەسان و کوت و نەعمانییە بوونیان هەیە[٤]. لە زۆر رووەوە پێوەندی و لێکچوون لە نێوان کوردی فەیلی و شەبەک دا هەیە، بەڵام سنووری شەبەک زیاتر لە باکووری رۆژهەڵاتی موسڵ دایە. لەوێش خەریکی کاری ئاژەڵدارین و لە لێواری دیجلە و هەردوو زێکەدا نیشتەجێن. بۆچوونێکی تری مێژوونوسان پییان وایە بۆ یەکەمجار لە سەدەی (١٦) دا لەو سنوورە جیاکەرەوەی باشووری کوردستاندا جێگیرکراون، لە بنچینەدا کوردی باجەڵان و کەڵهوڕن. نزیکەی (٦٠) ئاوایی لە قەزای حەمدانییە لە کوردی شەبەکن، هاوکات لە بەعشیقەو تەلکیف و موسلیشدا پێکهاتەیەکی ئیتنی و ئاینین[٥]. هەندێک بۆچوونیتر پێیان وایە کە هۆزێکی کوردن و لەسەردەمی سەفەوییەکانەوە هاتوونەتە باکوور و بەشی خۆرئاوای موسڵ[٦].

٣. جوو:

جووەکان لە دێر زەمانەوە لە کوردستاندا نیشتەجێن، زۆرترینی ئەوانەی کە لە کوردستانی باشووردا مابوونەوە لە سنووری موسڵ و زێبارو ئاکرێ و زاخۆ دا بوون. هەروەها لە سنووری کەرکوک و هەولێر و سلێمانیشدا تێکرا لە (٢٠٠) ئاوایی و چەندین شارو شارۆچکەی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە[٧]. جووەکان لە کوردستاندا بە جووی کوردستان ناسراون و کوردستانیش لە پاش

[١] فاضل حسين:ه.س،ل٧١.

[٢] د. كاظم حبيب: لمحات من نضال حركة التحرر الوطنى للشعب الكردى فى كردستان العراق، دار ئاراس للطباعة و النشر، ط٢، اربيل،٢٠٠٥، ص١٩٥.

[٣] كۆمەڵەی نەتەوەکان:س.پ، ل١٩٣.

[٤] وەرگیراوە لە// د. احمد جودة: الاكراد والعرب سكان العراق الاصليين،ج٢، مطبعة كتاب، بغداد،٢٠٢٠، ص٩١٦.

[٥] مارک سایکس: القبائل الكردية فى الامبراطورية العثمانية، ص ٣٧.

[٦] احمد حامد الصراف: الشبك من فرق الغلاة فى العراق، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٥٤، ص١٢-١٣.

[٧] مردخاى زاكن: يهود كردستان دراسه فى فن البقاء،ت: د.سعاد محمد خدر، المركز الاكاديمى للابحاث، ط٢،

ئیسرائیل دێرینترین شوێنی نیشتەجێبوونی جووەکان بووە[١]. جوو لە کوردستان نزیکترین پێکهاتە بوون لە کوردەوە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسییان نەبووە تاوەکو ئەزمونی مامەڵەی کورد بزانین، بەڵام دەسەڵاتە سیاسییەکانی عوسمانی و عێراق زۆرجار بە چاوی جیاوازی ئاینییەوە دەیانچەوساندنەوە. بۆیە لەو قۆناغەدا، جووەکان پشتیوانی سەرسەختی بەریتانیا بوون، چوون لەسەردەمی عوسمانییەکاندا کاروباری بازرگانی و پەرستشی ئاینییان خرابووە مەترسییەوە، لەیەکەم کاردانەوەدا (ئەرنۆڵد) حاکمی بەریتانیا، فەرمانی ئازادی کاروباری ئابووری جووەکانی دەرکرد[٢]. ئەوە بووە هۆکارێک کە پێش دەرچوونی یاسای رەگەزنامە لە عێراق ١٩٢٤، جووەکان بەلێشاو لە وڵاتانی ترەوە روویانکردە عێراق و کوردستان، بە پێی (ئی. تی. وڵسن) بێت تەنها لە ویلایەتی موسڵدا جووەکان ریژەیان (١٣٨٣٥) کەس بووە[٣]. سەرچاوە ئیسرائیلییەکان بە پشتبەستن بە ئاماری دانیشتوانی عێراق، لە ساڵی ١٩٤٧ دا دابەشبوونی جووەکان لە باکوری عێراق بەمجۆرە دیاریدەکەن:( ٣١٠٩ )لە هەولێر، (٤٠٤٢) لە کەرکوک، (١٠٣٤٥) لە پارێزگای موسڵ، (٢٢٧١ ) لە سلێمانی، (٢٨٥١) لە پارێزگای دیالە، بە گشتی (٢٢٦٨٢) جوو لە نێوچە کوردنشینەکاندا هەبوون[٤].

٤. کوردی فەیلی:ـ

کوردە فەیلییەکان بەشێکن لە پێکهاتەی نەتەوەیی کورد، بنەچەیان دەگەڕێتەوە سەر (لۆلۆبی و گۆتی و ئیلامییەکان)[٥]، ئەوان بەردەوام هەڵکەوتەی جوگرافییان لە نێوان سنوورەکانی عوسمانی و ئێراندا فاکتەری تێکچوونی رەوشی ئاسایشی نەتەوەییان بووە، ئەو کوردە فەیلیانەی کە لە سنوورەکانی بەدرە، جەسان، زرباتیە، خانەقین و کەرکوک دا دەژین، ئەوانیش زیاتر لەوناوچانەدا نیشتەجێن کە حکومەتەکانی عێراق لە هەوڵی داب‌ڕانیاندایە لە باشووری کوردستان[٦]. هاوکات لە دەستپێکی داگیرکردنی عێراق دا، نەیاری سیاسەتی بەریتانیا بوون و بەشدارییەکی کارایان لە شۆڕشی ١٩٢٠ عێراق دا کرد، بە جۆرێک تا چەند مانگێک جوڵانەوەکەیان لە خانەقیندا درێژەی کیشا[٧].

---

بیروت،٢٠١٣، ل٣٢.

[١] یاسین طه محمد: الادیان و المذاهب والعقائد فی کردستان، خلال عصر الوسیط الاسلامی، مطبعە سرا، ط١، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٦ـ٣٧.

[٢] عدنان زیان فرحان:م.س،ص٨٦.

[٣] وەرگیراوە لە// زید عدنان ناجی: م.س، ص ٢٦.

[4] Patai R. Preface, in: Brauer E. The Jews of Kurdistan. Completed and Edited by R. Patai. Wayne State University Press, Detroit, 1993, p.16.

[٥] د. احمد جودة: م.س،ص٨١٣.

[٦] ئاراس جەواد: رۆڵی کوردانی فەیلی لە پرۆسەی بە دەوڵەتبوونی کوردستان دا، دیداری هزری نەتەوەیی، سۆران، ٢٠١٦، ل ١٣٤.

[٧] د. کازم حبیب: لمحات من نضال حرکة التحرر الوطنی، ص ٣١٠ـ٣١٧.

## سێهەم: دابەشبوونی کارگێڕیی نێوچە دابڕێنراوەکان :.

بۆ سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی نێوچە دابڕێنراوە کوردستانییەکان لە نێو دەوڵەتی عێراقدا، پێویستە بوترێت ناوچەی دابڕێنراو، دەرهاویشتەی سیاسەتی عێراقی سەردەمی پاشایەتی و عێراقی سەردەمی کۆمارییە. سیاسەت و سیناریۆی بە بەرنامە بۆ شێواندنی نێوچە سنوورییەکانی پێکگەیشتنی نەتەوەیی بەتایبەتی نەتەوەی کوردو عەرەب، ئەو ئەدەبیاتەی خزاندە خەباتی سەرکردایەتی کوردەوە کە لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بە بەرنامە کار لەسەر کاڵکردنەوەی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی ئەو سنوورانە بکرێت. بۆیە لەم دەروازەیەدا سێ نێوچەی دیاریکراو کە رووبەڕووی دابڕاندن و شێواندنی شوناسی نەتەوەیی بوونەتەوە، شوناسی نەتەوەییان دەخرێتەڕوو:ـ

١. نێوچەی موسڵ
٢. نێوچەی کەرکوک
٣. نێوچەی نیشتەجێبوونی کوردی فەیلی(دیالە) و (واسط)

سنووری ئەو نێوچە کوردییانە لە نێو نەخشەی دەوڵەتی عێراق دا لە قەزای شەنگاری سەر بە پارێزگای موسڵەوە درێژ دەبنەوە، تاوەکو پارێزگای کەرکوک ، پاشان هێڵە سنوورییە جیاکەرەوەکە بە قەزای بەدرە لە پارێزگای واسط کۆتایی دێت، کە سنووری پێشەوەی بەریەککەوتنی بەعەرەبکردن گرتییەوە. هەموو ئەو شێواندنەیش بە میتۆد و میکانیزمی بە عەرەبکردن و راگواستن و پاکتاوی دانیشتوانە دامەزراو و رەسەنەکانی کورد و تورکمان بوو، لەبەرانبەر دا مێژووی نێوچەکە و شوناسی راستەقینەی شێوێندران[1]. بۆیە شوناسی نەتەوەیی ئەو نێوچانە دەبێت پشت ئەستوور بە دۆکیۆمێنت مێژوویی و بەڵگەنامەی دیمۆگرافی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی پشتڕاستبکرێتەوە. لێرەدا بە پشتبەستن بە و بڕگەو بابەتانەی کە تێیدا دەستوورو یاسای هەرێمی کوردستان و عێراق دیارییان کردووە، شرۆڤە و شیکاریی پێکهاتە نەتەوەییەکانی نێوچە دابڕێنراوەکان دەکرێت. لە هەوەڵین یاسایەکی فەرمیدا کە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە نێوچەی جێناکۆک کرابێت لە نێوان کورد و دەوڵەتی عێراقدا لە بڕیاری ژ(٢٤٨)ی تایبەت بە دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ژ(٣٣)ی ساڵی ١٩٧٤ بوو[2]، لەوێدا ئەو ناوچانەی کە لە (١١)ی ئازاری ١٩٧٠ دا دیاریکرابوون، دەبوو تۆماری ساڵی ١٩٥٧ بکرێتە بنەما بۆ دیاریکردنی سنووری نەتەوە لە باری زۆرایەتی دانیشتوانەوە [3]. بەم پێیە زۆرێک لە ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی سنووری ئۆتۆنۆمی دەگرتەوە، کەمەبەست لێی کەرکوک و خانەقین و ناوچە کوردییەکانی قەزاکانی موسڵ بوون.

---

(١) د. خليل اسماعيل محمد: المنطقة متنازع عليها بين الحاضر الملتهب والمستقبل المجهول، مؤسسة حمدى للطباعة و النشر، سليمانى، ٢٠٠٧، ص٩.

٢ بۆزانیاری زیاتر لەسەر پیرەوی نێوخۆیی ئەنجومەنی تەشریعی نێوچەی کوردستان بروانە// الوقائع العراقية، ع(٢٤٧٤)، ١٩٧٥/٦/٢.

(٣) رێبین محەمەد سۆفی: مافەکانی گەلی کورد لە دەستووری ٢٠٠٥ ی عێراقدا، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی، سلێمانی ٢٠٠٧، ل١٢٤.

هاوکات لە پاش پرۆسەی ئازادی عێراق ٢٠٠٣، لە هیچ یاساو دەستورێکی (کاتی، ئینتیقالی، هەمیشەیی) عێراق دا چوارچێوەی جوگرافی هەرێمی کوردستان روونەکرابوویەوە، بەڵکو حکومەتەکانی عێراقی فیدراڵ، بایەخیان بەو پرسە نەدابوو، هەرچەند کە دیارترین پرسی نێوان کورد و عێراقیش بووە. بۆیە سنووری باشوور و باشووری رۆژئاوای هەرێمی کوردستان، کە دابڕێنراوە بووەتە دیارترین پرسی ریشەداری نێوان حکومەتەکانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان[١].

بۆیەکەمجار لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق دا کە لە (٢٠٠٤/٣/٨) دا کە لەلایەن ئەنجومەنی حوکمی عێراقەوە دەرکرا، لە ماددەی(٥٨) دا دیسانەوە بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە نێوچە جێناکۆکەکان کردووە و بەرووونی دەستنیشانی پرسێکی وانەکراوە، بەم جۆرە دیارییان دەکات:

١. کەرکوک بە تەواوی قەزاو ناحییەکانییەوە، لەوانە: داقوق، دوزخورماتوو، چەمچەماڵ، کەلار، کفری، تازە خورماتوو.
٢. قەزاکانی موسڵ: شەنگارو ناحییەکانی، شێخان و ناحییەکانی، حەمدانییەو ناحیەکانی، تلکیف و ناحییەکانی، ناحییەی بەعشیقە، ناحیەی قەحتانیە، قەزای مەخمور و ناحییەکانی، ناحیەی زومار.
٣. قەزاکانی دیالە: قەزای خانەقین و ناحیەکانی، قەزای بەلەدروز و ناحیەی مەنددەلی، قەزای بەدرەو ناحیەی جەسان و مەیدان و قۆرەتوو[٢].

هەموو ئەو نێوچانە بە لەبەرچاوگرتنی پاکتاوی رەگەزی و شێواندنی دیمۆگرافی و پرۆسەی راگواستن و بە عەرەبکردنیان لە میانی قۆناغی فەرمانبەرداریی رژێمی بەعس لە ساڵانی (١٩٦٨ـ٢٠٠٣) دا وەک نێوچەیەکی جێناکۆکی نێوان عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ناسێنران[٣]. ئەم پرسە لە گەڵاڵەنامەی دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا ئاماژەی بۆکراوە، ئەوەتا لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق دا، کە لە (٢٠٠٩/٦/٢٤) دا پەسەندکراوە، لە خاڵی یەکەمی ماددەی (٢)ی بنەما سەرەکییەکانیدا هاتووە:"

کوردستانی عێراق قەوارەیەکی جوگرافی مێژوویيە، پێکدێت لە پارێزگای دهۆک بە سنووری کارگێڕی ئێستایەوە و لە پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ وشێخان و سنجار و تلکێف و قەرەقوش و ناحیەکانی زومار و بەعشیقە و ئاسکی کەلەک لە پارێزگای نەینەوا و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە بە سنووری کارگێڕی پێش ساڵی ١٩٦٨ یانەوە". هەر لە هەمان ماددەدا هاتووە: "سنوورە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، بە پشتبەستن بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) ی دەستووری فیدراڵییەوە دیاریدەکرێن".[٤] بە گوێرەی دەقی ماددەی

---

[١] ساره یونس كاكل: الاكراد والمناطق متنازع عليها بين الفدرالية والصراع، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة شرق الاوسط، كليةالاداب والعلوم، قسم العلوم والسياسة،٢٠١١، ص٢.

[٢] بڕوانە// دیاریکردنی سنووری ناوچە جێناکۆکەکان لە دەقی مادەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق// قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، ٠١-٠١-٢٠٠٤//
http://iraqld.hjc.iq/LoadArticle.aspx?SC=180920078752913

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (د. مەحمود عوسمان)، هەولێر(٢٠٢٠/١١/١).

[٤] پەرلەمانی کوردستانی عێراق: پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق، هەولێر،٢٠٠٩، ل ٥.

(١٤٠) له دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ، ناوچە دابڕێنراوەکان بریتین لە: "پارێزگای کەرکوک، یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای نەینەوا، دیالە، واسط"[١]. لە راستیدا لە پاش چەسپاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەلایەن رژێمی بەعسەوە، (٥٨%)ی تێکڕای کوردستانی باشوور دابڕێنرا[٢]. بەم پێیە تەواوی باشووری کوردستان رووبەرەکەی نێزیکەی (٨٠،٠٠٠)کم دەبێت، کە بەگشتی سنوورێکی سروشتییەو رووباری دیجلە دەبێتە خالی جیاکەرەوەی ئەم سنوورە لەگەڵ بەشەکانیتری عێراق، کە تێکڕا نزیکەی (٤٥٨)کم سنووری هاوبەشیان لەنێواندایە[٣]. لێرەدا بە جیا شوناسی نەتەوەیی و جوگرافی نێوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان دەخەینەڕوو:

## چوارەم: شوناسی نەتەوەیی و ئایینی نێوچە دابڕێنراوەکانی موسڵ:

موسڵ[٤] یەکێکە لە شارە دێرین و سەرەکییەکانی هەرێمی جەزیرە، نێوچەکە بە خالی جیاکەروەی عێراق دادەنرێت، چوون شاری ئەنبار بە یەکەمین شاری عێراق دانراوە لە دەروازەی هەرێمی جەزیرەدا[٥]. هاوکات هەندێک پێیان وایە کە باشووری هەرێمی جەزیرە کۆتایی دێت بە کۆتایی شاری تکریت لەسەر رووباری دیجلە، لە رۆژهەڵاتەوە کۆتایی هیت لەسەر رووباری فوڕات لە رۆژئاواوە[٦]. (دانیشتوانی موسڵ) لە سەرچاوەکانی عەرەبە موسڵمانەکاندا تاوەکو سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی، عەرەب پێکهاتەیەکی سەرەکی دانیشتوانەکەی نەبووە. بۆیەکەمجار لە فتوحاتی ئیسلامیدا هۆزە عەرەبەکان کشان بەرەو نێوچەکە[٧]. ئەودەم باشووری کوردستان لەژێر دەستی فارسە ساسانییەکان و رۆژئاواو باکوری کوردستانیش لەژێر دەستی رۆمە بیزەنتییەکان دا بوو[٨].

یەکەمجار و لەسەردەمی خەلیفە ( عومەری کوڕی خەتاب) لە ساڵی (٦٤٠)زاینیدا بە فەرماندەیی (عەیازی کوڕی غەنەم) نێوچەکە دەکەوێتە دەست عەرەبە موسڵمانەکان[٩]. ئەمە دەبێتە دەستپێکی دەرفەتێک تا هۆزە عەرەبنشینەکان بەلێشاو بێنە نێوچەکەوە، لەسەرەتادا گرنگترینی

---

[١] حکومەتی هەرێمی کوردستان/وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم: راپۆرتێک دەربارەی گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی ناوچە دابڕاوەکان، هەولێر،٢٠٠٧، ل ٢.

[٢] مەحمودی مەلا عیززەت: س.پ،ل ٧٥.

[٣] عبدالرقیب یوسف: کوردستان الجنوبی،ص٤.

[٤] شاری موسڵ یەکێکە لە شارە گەورەکانی عێراق کە ناوەندی پارێزگای نەینەوایە. دەکەوێتە باکووری عێراق و لە کەناری خۆرئاوای رووباری دیجلەدا هەڵکەوتووە و (٣٩٨)کم دوورە لە بەغداد.( جمال بابان: اصول اسماء المدن و المواقع العراقية، ج١، ط٢، مطبعة الاجيال، ١٩٨٩، بغداد،ص ٢٨٧).

[٥] محمد جاسم حمادى: الجزيرة الفراتية و الموصل، دار الرسالة، بغداد، ١٩٧٧، ص٤٥.

[٦] م. ن، ص ٤٤ـ٤٥.

[٧] فائزة محمد عزت: الكرد في اقليم الجزيرة وشهرزور فى صدر الاسلام، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة صلاحدين، ١٩٩١، ص ٤٧.

[٨] د.احمد محمود الخليل: تاريخ الكرد فى العهود الاسلامية، دار اراس، ط١، اربيل، ص١٤٦ـ١٤٧.

[٩] البلازرى، ابوالحسن بن يحيى بن جابر(٢٧٩هـ٨٩٢م): فتوح البلدان، بيروت، ١٩٨٣، ص ٣٢٤.

هۆزەکان ئەمانە بوون:

١. شوێنی ( رەبیعە) لە سنجارو موسڵدا نیشتەجێبوون[١].

٢ . شوێنی(مضر) لە لێواری فورات و دەوروبەری خاپور نیشتەجێبوون.

٣ . شوێنی(بەکر) لە باکوری کوردستان نیشتەجێبوون[٢].

ئەوە لەکاتێکدا بـوو کە کـورد پێکهـاتەیەکی سـەرەکی موسـڵ و دەوروبەری بـوون[٣]، لە پـێش ئیسـلامدا هـۆزە کوردییەکـان لە نێوچەکـانی رۆژهەڵاتی بۆتـان و کەنارەکـانی بـاکووری دیجـلە تـاوەکو جەزیـرە بڵاوبـبـوونەوە[٤]. بۆنمـوونە هـۆزە ناسراوەکـانی کـورد لەو قۆنـاغەدا بریتیبـوون لە هۆزەکـانی (حەمدییە، ئارییە، هەزبانییە)[٥]، تەنانەت هەنـدێک پییـان وایە شـاری موسـڵ لە بنەڕەتـدا شـارێکی کوردیی بووە[٦].

لە دەستپێکی فتوحاتی عەرەبە موسڵمانەکاندا، بە فاکتەری پشتیوانی مرۆیـی پرۆسـەی فتوحـات، بەلێشـاو هـۆزە عەرەبییەکـانی نـیمچە دورگەی عەرەبی لە موسـڵ و دەوروبەریـدا نیشـتەجێبوون. بە جۆرێک لەسەردەمی ئومەوییەکاندا بوونە پێکهاتەیەکی ئیتنی لە نێوچەکەدا[٧]. تاوایلێهات لە سەدەی حەوتەمدا، گەورەترین گۆڕانی ئیتنی لە نێوچەکەو عێراق دا روویدا[٨] .

لە سـەردەمی عەباسییەکانیشـدا کوردسـتان لەنێـو یەک بەڕێـوەبەرایتی سـەر بە عەباسـییەکان نەبوو، بەڵکو دابەشکرابوو بەسەر چەند هەرێمی جیاجیـا دا، لەوانە، هەرێمەکـانی: ئەرمینیـا، ئـاران و ئازەربایجـان، هەرێمـی چیـا، ئەهـواز، هەرێمـی جەزیـرەیش یەکێـک بـوو لەوان. لەپـاش دەسـەڵاتی عەباسییەکانیش (١٢٥٨) جەلائیری وپاشان ئیلخانییەکان لە کوردستان باڵادەسـت بـوون، لە رۆژگـاری ئەوانـدا کوردسـتان بەسـەر (٥) هەرێمـی کارگێڕیـدا دابەشـکرابوو، کە بریتیبـوون لە: هەرێمەکـانی (کوردســتان، دیــاربەکرو خــوی لە ئازەربایجــان، خەلات لە ئەرمینیــا)[٩]. لەگەڵ باڵادەســتبوونی عوسمانییەکان لە دەستپێکی سەدەی (١٦)دا موسـڵ ودەوروبەری وەکـو تەواوی زۆربەی نێوچەکـانی باشووری کوردستان بۆ ماوەی (٤) سەدە تاوەکو جەنگی جیهانی یەکەم(١٩١٤-١٩١٨) لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان دا مایەوە، کورد لەو قۆناغەدا لە موسڵ و دەوروبەریدا باڵادەستبوون و لە چوارچێوەی میرنشینەکانیاندا خـاوەنی ئۆتۆنـۆمییەکی سـنووورداربوون. بۆنمـوونە (٣) دەسـەڵاتی خـۆجێیی کـورد لە چوارچێـوەی میرنشـینەکانی (بادینـان، سـۆران، بۆتـان) لە قۆنـاغی جیاجیـادا فەرمـانڕەوایی موسـڵیان

---

[١] محمد امین زکی: س.پ، ل٨.

[٢] لسترینج، گ: جغرافیای تاریخی سرزمینهای خلافت شرقی، ت: محمود عرفان، تهران، ١٣٣٧ ش، ص١٠٩.

[٣] د. حورية عبدالسلام: اقليم الموصل في عصر الاموی، دار العالم العربي،ط١، قاهرة،٢٠٠٩، ص٧٧.

[٤] حەسەن ئەرفەع: کوردەکـان لێکـۆڵینەوەیەکی مێژوویـی و سیاسـی، و:سـەردار محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی،٢٠٠١، ل١٢

[٥] ابن حوقل: صورة الارض، دار المكتبة الحياة، بيروت، ١٩٧٩، ص٣١٥.

[٦] شوان عوسمان مستەفا: کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کورد، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٦.

[٧] د. حورية عبدالسلام: م.س، ص٩ ـ١٠.

[٨] د. خليل اسماعيل محمد: كركوك دراسة في تكوين للسكان، ط١، مطبعة دارا، ٢٠٠٢، ص١٢.

[٩] زرار صديق توفيق: كردستان في القرن الثامن الهجرى، ط١، مؤسسة الموكرياني للطباعه والنشر، اربيل،٢٠٠٧،ص٤٦.

کردووه. بەمجۆرە باڵادەستی میرنشینە کوردیەکان تا ناوەڕاستی سەدەی (١٩) بەردەوام بوو، تا دواجار عوسمانییەکان تەواوی میرنشینەکانیان لەنێودا [١]. ئیتر بۆیەکەمجار ناوەندی (ویلایەتی موسڵ) لە ساڵی ١٨٨٣ دا لە کەرکوکەوە گوێزرایەوە بۆ موسڵ و تەحسین پاشا بوو بە والی ویلایەتەکە[٢].

سەبارەت بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی موسڵ، ئەوا بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکان نێوچەکە بەوە جیاکراوەتەوە کە نێوچەیەکی فرە ئیتنی و ئاینییە. لەنێو شاری موسڵ دا و تاوەکو سەدەی (١٨)، پێکهاتەی دانیشتوانەکەی وەکو یەک لە کوردو عەرەب و تورک پێکدەهاتن، کە زۆرترینی موسڵمان بوون.[٣] بەپێی نووسینی (ئەولیا چەلەبی)[٤]، زۆربەی میرنشینە کوردییەکان سەر بە عوسمانیەکان بوون و موسڵ لە چوارچێوەی دەسەڵاتی میرە کوردییەکان دا بوو[٥].

سەبارەت بە پێکهاتەکانیش، (نیبور)[٦] کە ساڵی ١٧٦٦ سەردانی شارەکەی کردووە نووسیویەتی:" رەوشی مەسیحییەکانی موسڵ لەچاو بەشەکانی تری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دا لە هەموویان باشتربوو، لەو شارەدا نێزیکەی ١٢٠٠ ماڵی مەسیحی لێبوو، چارەکێکی ئەو ماڵانە لە نەستوری و کلدانییەکان بوون، ئەوەی کە دەمایەوە لە مەسیحییەکانی یەعاقیبە بوون"[٧]. هەروەها سەبارەت بە جووەکانی موسڵ نوسیوییەتی: "جووەکان (١٥٠) ماڵێک دەبوون، ئەوانیش لە رەوشێکی تەواو ئازادی ئاینی و کۆمەڵایەتیدا خۆیان دەبینییەوە"[٨].

شارەکە لە رووی ئیتنەوە عەرەب و کورد و سریان و تورکمانی تێدا دەژیان. لە رووی ئاینییەوە لەگەڵ ئەوەی زۆرینە موسڵمانن، هاوکێکهاتەی ئاینی مەسیحی و ئێزیدی وەک دێرینترین ئاینی نێوچەکە بوونیان هەبوو، جیا لەوانەیش هەندێ بیروباوەڕی تایبەتمەندی نێزیک لە ئیسلامیش وەک کاکەیی و شەبەک لە نێوچەکەدا نیشتەجێ بوون[٩].

ئەمین زەکی بەگ بە سود وەرگرتن بە سەرژمێرییەکانی ئینسکلۆپیدیای بەریتانی ساڵی ١٩٢٣،

---

[1] Habibollah atarodi: Op. Cit,p xiv.

[2] Gokhan Centisaya: Ottoman administration of Iraq 1890- 1908, p63-64.

[٣] جمس بكنغام: رحلتي الى العراق، ج١، ت:سليم طه التكريتي، مطبعه اسعد، بغداد،١٩٦٧، ل٢٨.

[٤] ئەولیا چەلەبی، گەڕیدەی بەناوبانگی تورک، ناوی تەواوی ( موحەمەد دەروێش) ە، ساڵی ١٦١١ لە خێزانێکی رووناکبیر لە پێتەختی عوسمانی لە دایک بووە. ساڵی ١٦٤٠ گەشتەکانی دەستپێکردووەو هاتووەتە کوردستان، کتێبە بەنێوبانگەکەی (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) لە دەستپێکی سەدەی بیستەم (١٩٠١) بڵاوکراوەتەوە.(د. عماد عبد السلام رؤوف: دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث و حضارتهم، ط١، دارالزمان، ديمشق، ٢٠١٢، ص ٣٠).

[٥] م. ن، ص٣٢.

[٦] کارستن نیبوور (Carsten Niebuhr) ١٧٣٣ـ ١٨١٠ گەڕیدەو جوگرافیناس و بیرکانیزانێکی ئەڵمانی بووە. ساڵی ١٧٦٠ لەسەرداوای (فردریکک)ی پێنجەم سەردانی رۆژهەڵاتی کردووە و گەلێ بەرهەمی بە پێز و بە بایەخی مێژوویی و جوگرافیی تۆمارکردوون.(رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن العشر: ت:د. محمد حسين الامين، مطبعة وزارة الثقافة والارشاد، بغداد،١٩٦٥،ص٧).

[٧] وەرگیراوە لە رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن العشر، م. ن، ص ١١٢.

[٨] وەرگیراوە لە م. ن، ص١١٣.

[٩] د. شاكر خصباك: العراق الشمالي، دراسة لنواحية الطبيعية، مطبعه شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص١٤٣.

ڕێژەی کورد تەنها لە لیوای موسڵ دا بە (٨٣٠٠٠) کەس دیاریدەکات[١]، (لچمان) کە نوێنەری ئینگلیزەکانە نوسیویەتی: "نیوەی دانیشتوانی موسڵ کوردن"[٢].

دیارە شاری موسڵ لە چوارچێوەی ئەو نێوچە کوردییانە نییە کە کورد خوازیارە لە سنووری هەرێمی کوردستان دا بێت، وەلێ ئەو قەزاو ناحیانەی کە زۆرترینی دانیشتوانەکەی کوردن، هاوکات بایەخێکی ئەوتۆی ئابووری و ستراتیژیی گەورەیان هەیە بۆ سنووری کوردستان و خاڵی سنووری و بازرگانی (ئێراق ـ سوریا)ن و ناوەندێکی زەنگینی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانن. لە چوارچێوەی خواستە مێژوویی و نەتەوەییەکانی کوردان. گرنگترین ئەو قەزاو ناوچانەی پارێزگای موسڵ کە لە بنچینەدا لە چوارچێوەی نێوچە دابڕێنراوە کوردستانییەکانن بریتین لە: قەزاکانی: شەنگار، شێخان، تەلەعفەر[٣].

## پێنجەم: شوناسی ئایینی و نەتەوەیی ناوچە دابڕێنراوەکانی کەرکوک:.

کەرکوک لە مێژوودا وەک شارو نێوچە بە جوگرافیا سروشتییەکەی و لە سەدەی بیستەمیشدا بە جوگرافیا سیاسیی و ئابوورییەکەی ناسێنراوە، شارەکە دەکەوێتە دەشتی میسۆپۆتامیاوە، کە چیای زاگرۆس لە باکوری ڕۆژهەڵاتیدایەو هەرچی سنووری باکوری خۆرئاوای بازنەی سنووری کەرکوکیشە بە زێی خواروو دیاریکراوە و ڕووباری دیالەیش کەوتووەتە باشووری خۆرهەڵاتییەوە، لە باشووری خۆرئاوایش دا بەرزاییەکانی چیای حەمرین، ئاستەنگێکی سروشتییە لە نێوان باکوورو نێوچە وشکهەڵاتەکانی باشووردا[٤].

ئەم شارە لە ڕووی زمان و ژیاریی و نەتەوەیی و جوگرافییەوە وابەستەیە بە دانیشتوانی مێژووی کۆنی کوردەوە[٥]، لە هیچ سەرچاوەیەکی عەرەبە موسڵمانەکان دا کەرکوک بەشێک نەبووە لە عێراق یاخود پێکهاتەی نەتەوەی عەرەب لەو شارەدا بوونی نەبووە. لەگەڵ فتوحاتی ئیسلامیدا، شەپۆلی کۆچی هۆزە عەرەبییەکان بەرەو عێراق دەستیپێکرد[٦]، بۆیە لە هیچ سەرچاوەیەکدا نە بە شارێکی عەرەبی و نە بەشارێکی تورکمانی ئاماژەی پێنەکراوە، گەریدەی بەنێوبانگی موسڵمان (ئەستەخری) لە دیاریکردنی سنووری نەتەوەی عەرەب دا لە عێراق، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ئەنبارەوە

---

(١) وەرگیراوە لە س.پ، ل ٢٧.

(٢) وەرگیراوە لە فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ، ل ١١ـ١٢.

(٣) ڕوژهات ویسی خالد: مشکلة المناطق المتنازع علیها/اقلیم کوردستان نموزجا، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی دهۆک، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی توێژینەوەی زانستلا و خوێندنی کوردی، دهۆک، ٢٠١٢، ص٢٤١ـ٢٤٢.

(٤) لیام ئاندرسن: تەنگژەی کەرکوک، و: ئومێد عوسمان، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٧.

(٥) بە گوێرەی سەرچاوەکانی مێژووی کۆنی کورد لەلایەن لۆلۆبی و خورییەکانەوە شارەکە بونیادنراوە کە لە کۆنترین دانیشتوانی کوردستانن.(د.کمال مظهر احمد: کرکوك وتوابعها، ص٥).

(٦) جمعت فی مکتب الشرکات الرئیسی فی لندن(WI): شرکة نفط العراق المحدودة والشرکات المتحدة معها، مطبعة الکاثولکیة، ط١، بیروت، ١٩٤٩، ل١٥٨.

دەستپێدەکات تاوەکو رۆخی جەزیرە و پارێزگای واسـتی ئێسـتا[١]، تەنـانەت هەنـدێک پێیـان وایە کە وشەی عەرەب لە پیش ئیسلامدا تەنها بۆ دانیشتوانی نیمچە دوورگەی عەرەبی بەکارهاتووە[٢].

لە مێژووی نوێدا زۆرجار کەرکووک لە چوارچێوەی میرنشینە کوردییەکاندا بـووە. لەسـەرەتاوە لە سنووری دەسەڵاتی میرنشـینی ئەردەڵانـدا دیـاریکراوە[٣]. زۆربەی جـاریش لە چوارچێـوەی دەسـەڵاتی میرنشینەکانی بابان و هەندێک کات لە سنووری میرنشینی سۆران دا بووە[٤].

فراوانبوونی شـارەکە لە سـەدەی (١٦) دا دەسـتیپێکرد، بـۆیە رۆژهەڵاتنـاسـان بەیەکێـک لە شـارە گرنــگ و گەورەکـــان ئاماژەیـــان پێکـــردووە[٥]. دامەزرێـــنەری راســـتەقینەی بابانەکـــان، بابـــا سـلێمان(١٦٦٩ـ١٦٩٩) لە نێـوچەی پشـتدەر، لە سـاڵی ١٦٩٠ دا تـوانی دەسـتبگرێت بەسـەر شـاری کەرکوکدا و (دلاوەر پاشای) حاکمی شـارەکە بکوژێـت[٦]. لەو قۆنـاغەدا تـاوەکو دەسـتپێکی سـەدەی هەژدەهەم شاری کەرکوک نێوەندێک بووە لە نێوان موسڵ و شارەزووردا و بە پێتەخت نێوبراوە. لە دەستپیکی سەدەی (١٨) دا بۆ یەکەمجار والی بەغداد توانیوییەتی دەستێوەردان لە کاروباری کەرکوکدا بکات، ئیدی بەدرێژایی ئەو ماوەیە زۆربەی جار کەرکوک و موسڵ لەلایەن میرەکانی (بابان)ەوە و بـۆ ماوەی (٧) ساڵیش لەو نێوەندەدا ئەردەڵانەکان باڵادەسـت بـوون تێیـدا[٧]. لە پـاش ئەو قۆنـاغە زۆر بەوردی هەمـوو ئەو هـۆزە عەرەبیـانەی ئاماژەیـان پێـدراوە کە پـێش درووسـتبوونی عێـراق، لە میـانی (٢٠٠ــ٣٠٠) سـاڵ دا لە باشـووری عێـراق و نـیمچە دورگەی عەرەبیـیەوە هێـنراون و لە کەرکـوک نیشـتەجێ کـراون، لەوانە: شـەمەر، عوبەیـد، جەواله، زەفیـر، جبـور، جەمـیلە، جەحـیش، قرغـول، ئەبوسەباح، زومرە[٨]، کە لە بنچینەدا کورد خاوەنی راستەقینەی نێوچەکانی باکوری عێراق بوون، ئەوان پێکهاتەی نەتەوەیی و دانیشتوانی لیواکانی کەرکوک و موسڵ و سلێمانی و هەولێر بـوون لە سـەردەمی عوسمانییەکاندا[٩].

کەرکوک پیش ئەوەی ببێتە شارێکی سەر بە ویلایەتی موسڵ، پێتەختی ویـلایەتی شـارەزوور بـوو،

[١] وەرگیراوە لە: الاصطخری(لابی اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسی): المسالک والممالـک، مطبعـة بریـل، لیـدن، ١٩٣٧، ل١٣ـ١٣.

[٢] جرجی زیدان: العرب قبل الاسلام، بیروت، ١٩٧٨،ص ٤١ـ٤٢.

[٣] کامەران بابان زادە: دامەزراندنی چەند میرنشینێکی کورد لە هەردوو سەدەی (٨و٩کـ ١٤و١٥ز) دا، چاپخانەی حاجی هاشم ٢٠١٢، هەولێر، ل٦٤.

[٤] د. کمال مظهر احمد: کرکوک وتوابعها، ص٤٥.

[٥] لونهارد راوولف: رحلة المشرق الى العـراق وسـوريا ولبنـان و فلسـطين(١٥٧٣)، ت:سـليم طـه تكريتـى، دار الحريـة للطباعة والنسرن بغداد، ١٩٧٨، ص١٩٨.

[٦] د. ايناس سعدى عبدالله: تاريخ العراق الحديث ١٢٥٨ـ١٩١٨، دار و مكتبة عدنان، بغداد، ٢٠١٤، ص٣٧٥.

[٧] ستيفن هيمسلى لونكريک: اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ت:جعفر خياط، مطبعة التفيض الاهلية، بغداد، ١٩٤١، ص١٠٠ـ١٠٦.

[٨] بۆ زانیاری زیـاتر بـڕوانە// مجموعـة بـاحثين: بحـوث النـدوة علميـة حـول الكركـوک، دار اراس للطباعة والنشرـ اربيل،٢٠٠١، ص٣٠.

[٩] جمعت فى مكتب الشركات الرئيسى فى لندن(WI):م.س،ص١٥٩.

هەندێک کاتیش لەسەردەمی بابانەکاندا کەرکوک بەشێک بووە لە ناوەندی دەسەڵاتدارێتی بابانەکان کە لە قەلاچوڵان یان گولعەنبەر(خورماڵی ئێستا) بوون[١]. نیبور لە گەشتەکەیدا کە سەردانی کەرکوکی کردووە، باس لەوە دەکات کە:" کەرکوک بەشێک بووە لە نێوچەی فەرمانڕوایی میرنشینی بابان و هەندێک جاریش ناوەندی دەسەڵاتدارییان بووە"[٢]، بەڵام پاش لەنێوچوونی میرنشینە کوردییەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی (١٩)، ئیدی وەک بەشەکانی تری کوردستانی باشوور، لە سیستەمی ویلایەتی عوسمانیدا شوێنیکراوەتەوە . بۆنموونە ئەو گۆڕانکارییانە کە (مەدحەد پاشا)ی والی بەغداد ساڵانی (١٨٦٩ـ١٨٧٢) ئەنجامیدان، تێیدا شارەزوور کرا بە سنجاقی کەرکوک، کە کەرکوک و هەولێریشی دەگرتەوە، وەلێ خودی شارەزوور لەگەڵ سنجاقی تازە دروستکراوی سلێمانی مایەوە[٣]. هاوکات ویلایەتەکە ئەم شارانەی دەگرتەوە: کەرکوک، هەولیر، رانیە، رەواندوز، کۆیە، کفری[٤].

کەواتە تاوەکو دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، پرسی دابڕانی کەرکوک لە کورد و لە باشووری کوردستان لە گۆڕێدا نەبوو، شاری کەرکوک بە گوێرەی مێژوونوسی عوسمانی (شەمسەدین سامی) لە کتێبی (قاموس ئیعلام) دا کە لە ساڵی ١٨٩٦ بڵاوکراوەتەوە، نوسیویەتی: "کەرکوک ناوەندی شارەزوور لە ویلایەتی موسڵ ژمارەی دانیشتوانەکەی ٣٠٠٠٠ کەس دەبن، شارەکە (١٨) قوتابخانەی سەرەتایی و (٣) کڵێساو پەرەستگایەکی جوو و (٣٦) مزگەوتی تێدایە. شارەکە لە چوار بەش، سێ بەشی کوردن. ئەوانی تر عەرەب و تورکن و ٧٦٠ جوو لەگەڵ٤٦٠ کلدانی تێدایە و هاوسنوورە لەگەڵ کفریدا، هەروەها لەڕووی بەڕێوەبردنەوە (٥) ناوچە سەر بە کەرکوکن، لەوانە: خورماتوو، ئاڵتون کۆپری، گل، شوان، لەگەڵ (٣٥٢) گوند[٥].

پاش هەڵوەشانەوەی عوسمانییەکانیش، هەمیشە لە خواستەکانی کورد وبەرنامەی بەریتانییەکاندا بۆ پرسی باشووری کوردستان، سنووری کەرکوک لە چوارچێوەی باشووری کوردستاندا بووە[٦].

لە قۆناغی عێراقی سەردەمی پادشایەتیدا، گۆڕانکاریی کارگێڕی بەسەر سنووری ئیداری لیواکانی باشووری کوردستاندا هات و دواتریش لە قۆناغی کۆماری دا ئەم گۆڕانکارییانە بە هۆکاری جیاجیا زیاتربوون. بەڵام گەر رێژەی پێکهاتەکانی کەرکوک لەو قۆناغەدا وەربگرین، تەنانەت بەو سەرژمێرییەی کە عێراق لە نیانی دوو ساڵدا (١٩٢٢ـ١٩٢٤) کردبووی، هێشتا نەتەوەی کورد زۆرینەی لیوای کەرکوکی پێکدەهێنا[٧]، بەڵام لە ئاماری بەریتانییەکاندا رێژەی کورد زیاتربوو لەو ئامارەی کە

---

[١] رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن العشر:م.س، ص٧٥.

[٢] وەرگیراوە لە// م. ن، ص٨٥ـ٨٦.

[٣] سیسیل جۆن ئیدمۆندس: کورد تورک عەرەب، و: حامید گەوهەری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،چ٢، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٣٢٣.

[٤] طه الهاشمي: مفصل جغرافية العراقية، مطبعة معارف، بغداد، ١٩٣٠، ص ٥٤٧.

[٥] وەرگیراوە لە//ش.سامی: قاموس الاعلام تاريخ و جغرافيا لغاتنى وتعبير اصحله كافهء اسماء خاصهيى جامعدار، بشنجى جلد، مهران مطبعەسی، استانبول، ١٣١٤هـ(١٨٩٦)،ص ٣٨٤٦.

[6] Maria T O, Shea: Trapped between the map and reality geography and perception of Kurdistan, Routledge New York and London, 2004, p132-133.

[٧] کۆمەڵەی نەتەوەکان:س.پ، ل ٢٤٨.

عێراق خستییە ڕوو،[١] هەروەها بەریتانیا ساڵی ١٩٣٠ سەرژمێرییەکی لە کەرکوک کرد، دیسانەوە بەتەنها ڕێژەی کورد لە هەموو ئەوانیتر پێکەوە زیاتر بوو، لەتەواوی سەرژمێریەکانی عێراقیش تا ساڵی ١٩٦٥، بە هەمان شێوە کورد زۆرینە بووە، بەردەوامیش لە کۆی نوێنەرانی شارەکە تا ساڵی ١٩٥٨ لە (٦) نوێنەر، هەمیشە (٤)یان کورد بوون[٢].

خشتەی ژ(٢) سەرژمێریی دانیشتوانی کەرکوک لەلایەن عێراقەوە، لە ساڵانی (١٩٢٢ـ١٩٢٤).

| نەتەوە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|
| کورد | ٤٢،٥ |
| عەرەب | ٣١،٩ |
| تورکمان | ٢٣،٤ |
| ئەوانیتر | ٢،٢ |
| کۆیگشتی | ١٠٠ |

سەرچاوە: کۆمەڵەی نەتەوەکان: ڕاپۆرتێکی پێشنیارکراو بە ئەنجومەن لەلایەن لیژنەی دامەزرێنراو بە بڕیاری ئەنجومەن لە ٣٠/ئەیلول/١٩٢٤، ولایەتی موسڵ، جنێف ٢٠/ئاب/١٩٢٥ پرسی سنووری نێوان عێراق و تورکیا، و: مینە، چاپخانەی کارۆ، چ١،سلێمانی،٢٠١٢، ل ٨.

خشتەی ژ(٣)، سەرژمێری دانیشتوانی کەرکوک لەلایەن بەریتانییەکانەوە.

| نەتەوە | ژمارە |
|---|---|
| کورد | ٤٧،٥٠٠ |
| عەرەب | ٣٥،٦٥٠ |
| تورکمان | ٢٦،١٠٠ |
| مەسیحی | ٢،٤٠٠ |

سەرچاوە: کۆمەڵەی نەتەوەکان: ڕاپۆرتێکی پێشنیارکراو بە ئەنجومەن لەلایەن لیژنەی دامەزرێنراو بە بڕیاری ئەنجومەن لە ٣٠/ئەیلول/١٩٢٤، ولایەتی موسڵ، جنێف ٢٠/ئاب/١٩٢٥ پرسی سنووری نێوان عێراق و تورکیا، و: مینە، چاپخانەی کارۆ، چ١،سلێمانی،٢٠١٢، ل ٢٤٧.

---

[١] هـ.س، ل ٢٤٧.

[٢] عارف قوربانی: کورد کەرکوکی داگیرنەکردووە، لێی داگیرکراوە، ٢٠١٨/٥/٧
https://archive.rachlaken.com/Default.aspx?page=Article&id=9350&l=3&fbclid=IwAR0kEAtSG2sUcb6CY-OKaZveIK6zmRCTrbqpb_dBdiS9W0ymU23ji3MSLqU

## شەشەم: شوناسى جوگرافى نێوچە دابڕێنراوە كوردييەكانى سەر بە (ديالە) و (واسط):.

لە سەرچاوە ئيسلامييەكاندا ئەم نێوچە كوردييانە، بەشى باشوورى شارەزوور بوون، كە كەوتبوونە نێوان( حلوان، خانەقين، كرخ جدان)، زۆرترينى سەرچاوەكان ئاماژەن بۆئەوەى كە دانيشتوانەكەيان كوردن[1]، هەندێك بۆچوونيش هەن كە پێيان وايە زۆربەيان كوردن[2]، ئەستەمبووە والييەكانى سەر بە خەلافەتى ئيسلامى بتوانن، بەتەواوەتى دەستبگرن بەسەر هەرێمەكەدا[3]. لەگەڵ دروستبوونى عێراق دا، ليواى ديالە كە ناوەندى پارێزگاى بەعقوبە بوو، لە رووى كارگێرييەوە رێكخرا، ديارە ديالە بە زنجيرە چياكانى حەمرين دەناسرايەوە كە بە درێژايى زەوييەكانى كوردستان درێژبوونەتەوە[4]. هەر لەوكاتەوە هەندێك يەكەى ئيداريى هەبوون، كە لە چوارچێوەى نێوچە دابڕێنراوە كوردستانييەكان دا شوێنياندەبوويەوە.

ئەم نێوچە كوردييانە تايبەتمەنديى ئابورى و ستراتيجيى گرنگيان هەبووە، چوون جگە لە بوونى كێڵگەكانى نەوت لەو سنوورانەدا، هاوكات هاوسنوورييان لەگەڵ ئێراندا، بەتايبەتى كە سەرەڕێى سەردانكەرانى ئێرانيى بوون بۆ شوێنە پيرۆزەكانى وەك نەجەف وكەربەلا بايەخەكەيانى زێدەتركردبوو. جگە لەوانەيش سەرچاوە زەنگينەكانى ئاو، لەوانە رووبارى ئەڵوەند، سيروان، دەرياچەى حەمرين تێكڕا كەوتوونەتە ئەو سنوورانەى كوردستانەوە. نێوچەكە لەسەرەتاوە وەك بەشە دابڕاوەكانيترى كوردستان، پێكهاتەيەكى ئيتنى وئايينى ئاڵۆز پێكيهێناون. بۆنموونە بە جارێك كوردى شيعەوسوننە، عەرەبى شيعەوسوننە، توركمانى شيعەوسوننەيان تێدا نيشتەجێن[5]. بە درێژايى حوكمى عوسمانييەكان لە سەدەى (١٦) بەشێكى گرنگى ميرنشينەكانى ئەردەڵان و بابان لەو سنوورانەدا بوون[6].

لەرووى پێكهاتەو ژمارەى دانيشتوانەوە لەيەكەم سەرژمێريى بەريتانيەكاندا لەنيسانى ١٩٢٠ ئەوە خراوەتەڕوو كە دانيشتوانى ليواكە (١٠٤٠٣٦) كەس دەبێت، ديارە ئەودەم خەڵكەكەيان لەسەر بنەماى نەتەوەيى پۆلێن نەكردبوو، بەڵكو لەسەر بنەماى ئايينى پۆلێنيانكردبوون، بڕوانە خشتەى ژ(٤)[7].

بەگشتى سنوورەكانى رۆژهەڵات و باكورى ليواكە بەتايبەتى لە قەزاكانى خانەقين و مەندەلى ، هەروەها لە جەلەولا و بەلەدروز نەتەوەى كورد زۆرترينن[8]. هەر ئەو شارۆچكانەيش لە چوارچێوەى

---

[1] ياقوت الحموى: معجم البلدان، دار الصادر، بيروت، (ب.ت)، ج ٣،ص ٣١٧.

[2] ابن حوقل:م.س، ص٣١٥.

[3] حيسام الدين على غالب النقشبندى: الكرد فى الدينور والشهرزور، رسالة ماجستير غير منشور، جامعة البغداد، ١٩٧٥، ص ٤٨.

[4] د. محمد احسان: كركوك و المناطق المتنازع عليها فى المنظور الدستور العراقى، دار المدى،ط١، اربيل،٢٠١٢، ص١٩٩.

[5] رۆژهات ويسى خالد: م.س، ص٢٤٨.

[6] ستيفن همسلى لۆنكريک: م.س، ص٢٢١.

[7] د. محمد احسان: كركوك و المناطق المتنازع عليها، ص ٣٠٢.

[8] م. ن، ص ٣٠٣.

سنووری نێوچە کورددستانییە دابڕێنراوەکاندا دیاریکراون[(١)].

خشتەی ژ(٤)، پێکهاتەی ئاینی خانەقین و دەوروبەری نیشان دەدات.

| ئاینن | ژمارە |
|---|---|
| موسڵمانی سوننە | ٩٥٣٥٤ |
| موسڵمانی شیعە | ٤٦٠٩٦ |
| جوو | ١٦٨٩ |
| مەسیحییەکان | ٣٩٧ |
| سابیئەو ئەوانیتر | ٩٠٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٤٠٣٦ |

یەکێکیتر لەو هۆکارانەی کە زەمینەی دابڕانی نێوچەکەی ئاسانترکردبوو، ئەوەیە لەو سنوورانەدا کورد، لە رووی ئاینداریپەوە سەر بەمەزهەبی شیعەن و زۆرترینیان بە کوردی فەیلی ناسراون. ئەوان سنووری نیشتەجێبوونیان، لە رۆژهەڵاتی بەغدادەوە درێژدەبێتەوە بۆ سنووری عێراق و ئێران، ئەو سنوورانە زۆربەی دانیشتوانی کوردی فەیلیین، هەروەها بەشێک لە شارە کوردییەکان دەچنە سنووری ئیداری شاری (واسط)، لەوانە: شارەبان(مقدادیە)، قزلربات(سەعدیە)، جەلەولا، خانەقین، مەندەلی، نەفتخانە، قەزانییە، بەدرە، جەسان[(٢)]، کە کورد نیشتەجێی رەسەنی ئەو سنوورانەیە، هەموو ئەوانەن، لە سنورەکانی حەمرینەوە کە خاڵی جیاکەرەوەی باشووری کوردستان و نێوچە عەرەبنشینەکانن.

لە مێژووی نوێدا نێوچەکە بەردەوام لە ژێر دەسەڵاتی بابان وئەردەڵان و میرنشینە خۆجێییەکانی کورد دا بوون، بۆنموونە بەکر بەگی بابان (١٧٠٣ـ١٧١٤) سنووری میرنشینەکەی لە دیالەوە تاوەکو زێی بچووک درێژدەبوویەوە[(٣)]. ئەوە روونە کە نێوچەکە بەشێکی دانەبڕاو بوو لە ملمڵانێی میرنشینە کوردییەکان و بەردەوام دەسەڵاتەکانی بەغدادی سەر بە عوسمانی و ئێرانییەکان چاویان لەسەر دابڕانی ئەو نێوچە ستراتیژییە بوو[(٤)].

لەتەواوی نوسینی رۆژهەڵاتناسانیشدا ئاماژە بەوە دەدەن کە حەمرین سنووری جیاکەرەوەیە، لەوانە جیمس بیکنهامی گەڕیدەی ئینگلیز ١٨١٦، (فرایزەر)ی گەڕیدەی ئینگلیز ١٨٣٤، (فریدریک میلنگن) ١٨٧٠، تێکڕا لە دیاریکردنی باشووری کوردستاندا ئاماژە بە سنووری چیاکانی حەمرین دەکەن[(٥)]. گەر لە ئەتنۆگرافیای ناوچەکانی سەرووی ئەم زنجیرە چیایە وردبینەوە، لە تازە خورماتووە و

---

(١) م. ن، ص ٣٠٢ـ٣٠٣.
(٢) محەمەد سەعید سۆفی: پارێزگای کەرکوک لە نێوان پاکتاوکردنی رەگەزیدا، چاپخانەی بەرهەم ٢٠٠٣، سلێمانی، ل٩٥.
(٣) د. ایناس سعدی عبدالله:م.س، ص٣٦٧.
(٤) م. ن، ص ٣٩٥.
(٥) وەرگیراوە لە// د. سەعدی عوسمان هەروتی: سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لە سەدەی نۆزدەهەمدا، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک ، ٢٠٠٧، ل، ل ٣٤ـ٣٥.

کە دەکەوێتە باشووری کەرکوک، دەبینین گوندەکانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ ناوچەکانی قزرابات[١] و خانەقین و عەلیاوە وهەندێک ناوچەی تر لە کۆتاییەکان سەدەی (١٨) لەلایەن والی بەغداوە دراون بە ئیبراهیم پادشای بابان. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نێوچەکە کوردنشین بوون، چوون لەو سەردەمەدا هیچ نێوچەیەکی دەرەوەی کوردستان نەدەدرا بە میرە کوردییەکان[٢].

سەبارەت بە خانەقین شارێکی مێژوویی کوردییە و دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی دیالەوە، رووبەرەکە (٣٧٨٩) کم، ئەم شارە بەپێی دابەشبوونی ئیداری ساڵی ١٩٢١ سێ ناحیەی لەخۆ دەگرت، لەوانە: مەیدان، قۆرەتوو، سەعدیە[٣]. شارەکە هەر لە دێر زەمانەوە شوێنی نیشتەجێبوونی هۆزە کوردییەکان بوو، محمد ئەمین زەکی باس (٢١) هۆزی کوردی دەکات کە پێکهاتەی دانیشتوانی خانەقینیان پێکهێنابوو[٤].

لە نوسراوە عوسمانییەکانیشدا خانەقین بایەخێکی ستراتیژی گەورەی هەبووە، چونکە شوێنی پەیوەندی (ویلایەتی موسڵ) و بەغداد بووە بە وڵاتی ئێرانەوە[٥].

بەگشتی تەواوی ئەو شارانەی کە بوونەتە سنووری جێناکۆک، شوناسی جوگرافی و نەتەوەییان بەشێکە لە کوردو سنووری کوردستان، بەتایبەتی شاری خانەقین، کە رابردوویەکی دێرینی کوردبوونی هەیەو تەنانەت خودی ناوەکە ناوێکی کوردییە[٦].هاوکات هەریەک لە شارەکانی مەندەلی و بەدرەو جەسان ، لە کلکەی خواروی زنجیرە چیای حەمرینەوە تا خواروی شارۆچکەی جەسان لەسەدەی نۆزدەدا بەتەواوکەری بەشی باشووری کوردستان دانراون و زۆرجار بەشێکبوون لە قەڵەمڕەوی میرنشینە کوردییەکانن بەتایبەتی میرنشینی بابان[٧].

مەندەلی دێرینترین شاری کوردستانە و لە سەرچاوە کۆنەکاندا بە (بندنیجین) ئاماژەی پێکراوە، ئەو نێوچەیە شوینی هۆزە کوردییەکان بووەو بووەتە پەناگەیەک بۆ داڵدەدانی نەیارانی خەلافەتی ئیسلامیی. لە سەردەمی عوسمانیەکانیشدا بەردەوام ناوچەی جێناکۆک بووە لەگەڵ ئێرانییەکان، کەریم خانی زەند لە ساڵی ١٧٧٨ دا بۆیەکەمجار میرنشینی بندنیجین و بەدرەو جەسانی سپاردە خالید

---

[١] ئێستا ناحیەیەکی سەر بە پارێزگای (دیالە) یەو پیی دەوترێت (سەعدیە) ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ فەرماندەی ئیسلامی سەعدی کوڕی وەقاس، بەڵام کورد بەناحیەکە دەڵێن قزرابات.( جەمال بابان: اصول اسماء مدن، ل٢٣١).

[٢] د.سەعدی عوسمان هەروتی:س.پ، ل ٣٦.؛ محمد جميل بندی الروژبیانی:م.س، ص٢٥٩.

[٣] خليل اسماعيل محمد: قضاء خانقين دراسة في جغرافيه السكان، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٧، ص٨٣.

[٤] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر هۆزە کوردییەکانی خانەقین بڕوانە // محمد جميل بندی الروژبیانی: مدن كردية قديمة، تاريخها، جغرافيتها، رجالها، علماؤها، ادباؤها، مطبعة هەواڵ،ط١، سليمانية،١٩٩٩، ص٢٥٩.

[٥] د. جميل موسى نجار: الادارة العثمانية في ولاية بغداد، من عهد والي مدحد باشا الى نهاية الحكم العثماني١٨٦٩ـ١٩١٧، مكتبة دمبولي،ط١، قاهرة،١٩٩١، ص١٠٠.

[٦] بۆچوون هەیە کە لە ناوی لێکدراوی (خانەـ کێو) هاتووە، بەو پێیە شوێنی حەوانەوەی خان بووە، چوون خانەقین لە دامێنو دەوروبەری چیاکاندا هەڵکەوتووە.(صلاحدين انور قيتولي: تعريب قضاء خانقين من منچور جيوسياسي، مطبعة تيشك، سليماني،٢٠١٠، ل٢٦).

[٧] عباس العزاوي: شهرزور ـ السليمانية/ اللواء والمدينة، تحقيق: محمد على القرداغی،ط١،بغداد،٢٠٠٠، ص١٩٨.

پاشای بابان، تا بتوانێت ڕووبەڕووی والی بەغداد بێتەوە[١]. بە گوێرەی فەرهەنگی ئەعلامی تورکی (١٨٩١)، زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، بەشێکیان کاکەیین، کە دیسانەوە بە کوردی دەدوێن و مەزهەبی ئاینیان جیاوازە، کەمێکیشیان بە تورکمانی دەدوێن.[٢] لە مێژووی نوێیشدا بەشێک بووە لە قەڵمڕەوی میرنشینە کوردییەکان[٣].

لە سەروبەندی داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە، ئینگلیزەکان هاتنە کفری و خانەقین لە ساڵی ١٩١٧، ئەودەم خەڵکی کورد ئینگلیزیان ئاگادارکردەوەو پێیان وتون بەدەرفەتی دەزانین شوناسی نەتەوەیی خۆمان جیابکەینەوەو لە تورکەکان قوتارمانبێت. لەوکاتەدا موستەفا پاشای باجەڵان( ١٨٤١-١٩٢١)ی سەرۆک هۆزی باجەڵان، پشتیوانی ئینگلیزەکانی کردوو و دژ بە ڕووس و عوسمانییەکان وەستا.[٤]

سەبارەت بە زمانی قسەکەرانی نێوچەکەیش ئەوا ٧٠% دانیشتوانی بە زمانی کوردی گۆرانی، کەڵهوڕی، لوڕیی دەدوێن، ئەوانیتر بە تورکمانی و عەرەبی[٥]. ڕیچیش لە گەشتنامەکەیدا کە لە (٢١/ئازار/١٨٢٠) دا بە مەندەلی و خانەقیندا تێپەڕیوە نوسیویەتی: "خەڵکی بەگشتی بە کوردی و تورکمانی دەدووان و زمانی فارسیش باوبوو، وەلێ کەس بە عەرەبی نەدەدووا"[٦]. هاوکات جووەکان لە خانەقین و ناوچەکانی دەوروبەردا لە دێر زەمانەوە لەوێدا نیشتەجێ بوون[٧].

بەگشتی تەواوی نێوچە دابڕێنراوە کوردستانییەکان لەڕووی بەڵگەی مێژووی و جوگرافیی و ڕەوایەتی شوناسی نەتەوەیەوە بەشێکن لە کوردستان و سەرچاوەکان پشتڕاستی پێناوی کوردبوونیان دەکەنەوە، بەڵام بەهۆی نەزم و نەریتی سیاسییانەی حکومەتەکانی عێراقەوە، قۆناغ لە دووای قۆناغ لە سنووری ڕاستەقینەی خۆیان دابڕێنراون و دوواجار بوونەتە خاڵی هەرە سەرەکی ناکۆکییەکانی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق.

---

(١) محمد جميل بندى الروذبيانى: مندلى فى التاريخ قديما وحديثا، من منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطنى الكردستانى، سليمانية،٢٠٠٤، ل٢٨-٣٠.

(٢) وەرگیراوە لە// طه باقر: مقدمة فى تاريخ الحضارت القديمة، ج١، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٩، صل ٤١٧.

(٣) محمد جميل بندى الروژبيانى:مدن كردية قديمة، ص١٠٤.

(٤) ناوچەکانی خانەقین و کفری لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و گرتنیان لەلایەن بەریتانیاوە لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٠ بەریتانیادا، و: محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، ٢٠٢٠/٧/٢٣//

https://www.awene.com/detail?article=31446&fbclid=IwAR3JzP3qVvhvdSEqMF98N7EtxATAK6Dp6pxfx-8VYnJDBF_b5IEIT8A2mBI.؛

؛ ئەحمەد باوەڕ: مێژووی خانەقی، مێژووی میرایەتی باجەڵان مەلا محەمەدی جوانڕۆیی، ب٢، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، تاران،٢٠١٧، ل١١٨.

(٥) ساره يونس كاكل: م.س، ص١٠٨.

(٦) وەرگیراوە لە//محمد جميل بندى الروژبيانى:مدن كردية قديمة، ص ٢٦٣.

(٧) جووەکان لە خانەقین و دەوروبەریدا ڕابردوویان وابەستەیە بە یەکەم شالاوی هێنانی جووەکان لەلایەن ئاشوورییەکانەوە لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین.(عزيز ياور: اليهود سبى وترحيل خانقين مركزا للجماعة وانموزجا، مؤسسة حمدى للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠١٨، ص٧٩).

# ئەنجام

یەکەم: بەپێی بەڵگە مێژوویی و جوگرافییەکان، ئەو نێوچەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە، نێوچەیەکی فرە ئیتن و ئایینن، بەڵگەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە نەتەوەی کورد دێرینترین و زۆرترینی پێکهاتەی ئەو نەتەوەیین لەو سنوورانەدا.

دووەم: ئاڵنگارییەکانی بەردەم ساغکردنەوەی شوناسی ئەو پانتاییە جوگرافی و نەتەوەییە ئێجگار دژوارە، چوون بەمەبەستەوە ساڵەهایە هەوڵی شێواندنی شوناسی راستەقینەی ناوچەکە دراوە.

سێهەم: ناوچە دابڕێنراوەکانی باشووری کوردستان درێژکراوەی جوگرافی و نەتەوەیی کوردستانن و بەشێکی دانەبڕاوی ئەو سەرزەمینەن، تەواوی بەڵگە زانستییەکان رەوایەتی مێژویی کوردستانیبوونی ناوچەکە دەسەلمێنن.

چوارەم: فاکتەرەکانی دابڕانی ناوچەکە لە قۆناغە مێژووییەکاندا، فاکتەری سیاسی و ئابوورین، لەگەڵ ئەوەیشدا نەیانتوانیوە مۆرکی مێژوویی کوردبوونی ناوچەکە بسڕنەوە.

پێنجەم: دەسەڵاتی سیاسیی نەتەوەی عەرەب و پاشان تورکە عوسمانییەکان تاوەکو دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی گۆڕانی دیموٚگرافی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی ناوچەکە بووە.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: پرۆژەی دەستور و راپۆرتی بڵاوکراوە:-**

١. پەرلەمانی کوردستانی عێراق: پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق، هەولێر،٢٠٠٩.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان/وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم: راپۆرتێک دەربارەی گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی ناوچە دابڕاوەکان، هەولێر،٢٠٠٧.

٣. کۆمەڵەی نەتەوەکان : راپۆرتێکی پێشنیارکراو بە ئەنجومەن لەلایەن لیژنەی دامەزرێنراو بە بڕیاری ئەنجومەن لە ٣٠/ئەیلول/١٩٢٤، ولایەتی موسڵ، جنێف ٢٠/ئاب/١٩٢٥ پرسی سنووری نێوان عێراق و تورکیا، و: مینە، چاپخانەی کارۆ، چ١،سلێمانی،٢٠١٢.

٤.دیاریکردنی سنووری ناوچە جێناکۆکەکان لە دەقی مادەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق// قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، ٠١-٠١-٢٠٠٤//
http://iraqld.hjc.iq/LoadArticle.aspx?SC=180920078752913

**دووەم: کتێب و تێزە ئەکادیمییە بڵاونەکراوەکان بەزمانی کوردی:-**

١. ئاراس جەواد: رۆڵی کوردانی فەیلی لە پرۆسەی بە دەوڵەتبوونی کوردستان دا، دیداری هزری نەتەوەیی، سۆران، ٢٠١٦.

٢. ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب(١ـ٤)، بنکەی ژین،چ٣، سلێمانی،٢٠١٦.

٣.ئەحمەد باوەڕ: مێژووی خانەقی، مێژووی میرایەتی باجەڵان مەلا محەمەدی جوانرۆیی، ب٢، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی، تاران،٢٠١٧.

٤.حەسەن ئەرفەع: کوردەکان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی، و:سەردار محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی،٢٠٠١.

٥.رێبین محەمەد سۆفی: مافەکانی گەلی کورد لە دەستووری ٢٠٠٥ ی عێراقدا، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی، سلێمانی ٢٠٠٧.

٦.د. سەعدی عوسمان هەروتی: سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لە سەدەی نۆزدەهەمدا، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک ، ٢٠٠٧.

٧.سیسیل جۆن ئیدمۆندس: کورد تورک عەرەب، و: حامید گەوهەری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،چ٢، هەولێر، ٢٠٠٢.

٨. د.شێرکۆ کرمانج: شوناسی عێراق، ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧.

٩.شوان عوسمان مستەفا: کوردستان و پڕۆسەی بە ئیسلامکردنی کورد، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٠.عەبدوڵلا غەفور: جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ٤، هەولێر ٢٠٠٥.
١١.فاضل حسێن: کێشەی ویلایەتی موسڵ، و:محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٢.کامەران بابان زادە: دامەزراندنی چەند میرنشینێکی کورد لە هەردوو سەدەی (٨و٩کـ ١٤و١٥ز) دا، چاپخانەی حاجی هاشم ٢٠١٢، هەولێر.
١٣.لیام ئاندرسن: تەنگژەی کەرکوک، و: ئومێد عوسمان، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٧.
١٤.محەمەد سەعید سۆفی: پارێزگای کەرکوک لە نێوان پاکتاوکردنی رەگەزیدا، چاپخانەی بەرهەم ٢٠٠٣، سلێمانی.
١٥.مەحمود مەلا عززەت: بازنەکانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد، چاپخانەی رەنج، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٦.محمد امین زکی: کورد و کوردستان،ج(٣،٢،١)، چاپخانەی دار السلام، بەغداد،١٩٣١.
١٧.مینۆرسکی:کورد، و: د. مارف خەزنەدار، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤.

**سێهەم: کتێب بەزمانی عەرەبی:ـ**

١.ابن حوقل: صورة الارض، دار المكتبة الحياة، بيروت، ١٩٧٩.
٢.د.احمد محمود الخليل: تاريخ الكرد في العهود الاسلامية، دار اراس، ط١، اربيل.
٣.د. احمد جودة: الاكراد والعرب سكان العراق الاصليين،ج٢، مطبعه كتاب، بغداد،٢٠٢٠.
٤.احمد حامد الصراف: الشبک من فرق الغلاة في العراق، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٥٤.
٥.الاصطخرى(لابى اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسى): المسالک والممالک، مطبعة بريل، ليدن، ١٩٣٧.
٦.د. ايناس سعدى عبدالله: تاريخ العراق الحديث ١٢٥٨ـ١٩١٨، دار و مكتبة عدنان، بغداد، ٢٠١٤.
٧. البلازرى، ابوالحسن بن يحيى بن جابر(٢٧٩هـ٨٩٢م): فتوح البلدان، بيروت، ١٩٨٣.
٨.حسام داود الاربلى :الترک والتاريخ التركى في العراق،ط١، اربيل،٢٠١٨.
٩.حيسام الدين على غالب النقشبندى: الكرد في الدينور والشهرزور، رسالة ماجستير غير منشور، جامعة البغداد، ١٩٧٥.
١٠.د. حوريه عبدالسلام: اقليم الموصل في عصر الاموى، دار العالم العربي،ط١، قاهرة،٢٠٠٩، ص٧٧.
١١.حنا بطاطو: العراق، الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثمانى حتى قيام الجمهورية، الكتاب الاول، ت: عفيف الرزاز،ط١، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت،
١٢.د. خليل اسماعيل محمد: المنطقة متنازع عليها بين الحاضر الملتهب والمستقبل المجهول، مؤسسة حمدى للطباعة و النشر، سليمانى، ٢٠٠٧.

١٣.د. خليل اسماعيل محمد: كركوك دراسة في تكوين للسكان، ط١، مطبعة دارا، ٢٠٠٢.
١٤.خليل اسماعيل محمد: قضاء خانقين دراسة في جغرافيه السكان، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٧.
١٥.خسرو گوران: الكرد في محافضة الموصل، ت: حازم هاجاني، دار سبيريز للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٦، ص٧١.
١٦.د. جميل موسى نجار: الادارة العثمانية في ولاية بغداد، من عهد والي مدحد باشا الى نهاية الحكم العثماني١٨٦٩-١٩١٧، مكتبة دمبولي،ط١، قاهرة،١٩٩١.
١٧.جرجي زيدان: العرب قبل الاسلام، بيروت، ١٩٧٨.
١٨.جمال بابان: اصول اسماء المدن و المواقع العراقية، ج١، ط٢، مطبعة الاجيال، بغداد،١٩٨٩.
١٩.جمس بكنغام: رحلتي الى العراق، ج١، ت:سليم طه التكريتي، مطبعه اسعد، بغداد،١٩٦٧.
٢٠.جمعت في مكتب الشركات الرئيسي في لندن(WI): شركة نفط العراق المحدودة والشركات المتحدة معها، مطبعة الكاثولكية، ط١، بيروت، ١٩٤٩.
٢١.رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن العشر: ت:د. محمد حسين الامين، مطبعة وزارة الثقافة والارشاد، بغداد،١٩٦٥.
٢٢.روژهات ويسى خالد: مشكلة المناطق المتنازع عليها/اقليم كوردستان نموزجا، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی دهۆک، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی توێژینەوەی زانستلا و خوێندنی کوردی، دهۆک، ٢٠١٢.
٢٣.زرار صديق توفيق: كردستان في القرن الثامن الهجري، ط١، مؤسسة الموكرياني للطباعه والنشر، اربيل،٢٠٠٧.
٢٤.زيد عدنان ناجي: اقليات العراق في عهد الملكي، دراسة في الدور السياسي و البرلماني، مطبعة الرافدين،ط١، بيروت، ٢٠١٥.
٢٥.ستيفن هيمسلي لونكريك: اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ت:جعفر خياط، مطبعة التفيض الاهلية، بغداد، ١٩٤١.
٢٦.ساره يونس كاكل: الاكراد والمناطق متنازع عليها بين الفدرالية والصراع، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة شرق الاوسط، كليةالاداب والعلوم، قسم العلوم والسياسة،٢٠١١.
٢٧.سهام فوزي: التحول الديمقراطي في المجتمعات الاثنية دراسة مقارنة العراق و جنوب افريقيا، مركز دراسات وحدة العربية، ط١، بيروت،٢٠١٩.
٢٨.د. شاكر خصباك: العراق الشمالي، دراسة لنواحية الطبيعية، مطبعه شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ل١٢٣؛ د.شاكر خصباك: الاكراد دراسه اثنوغرافيه، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧١.
٢٩.الشرفنامة في تاريخ الدول والامارات الكردية، ت:ملا جميل بندى الروزبياني، مطبعة النجاح،بغداد،

.١٩٥٣
٣٠.صلاحدين انور قيتولى: تعريب قضاء خانقين من منچور جيوسياسى، مطبعة تيشک، سليمانى،٢٠١٠.
٣١.طه الهاشمى: مفصل جغرافية العراقية، مطبعة معارف، بغداد، ١٩٣٠.
٣٢.طه باقر: مقدمة فى تاريخ الحضارت القديمة، ج١، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٩.
٣٣.عباس العزاوى:شهرزور ـ السليمانية/ اللواء والمدينة، تحقيق: محمد على القرداغى،ط١،بغداد،٢٠٠٠.
٣٤.د. عبدالرقيب يوسف: حدود كوردستان الجنوبية من سنجار حتى بدرة، مؤسسة حمدى للطباعه والنشر، سليمانية، ٢٠١١.
٣٥.عبدالرقيب يوسف: حدود كردستان الجنوبية خلال خمسة الاف عام، مطبعة شڤان،ط٢، سليمانى، ٢٠٠٥.
٣٦.عدنان زيان فرحان:السياسة البريطانيه تجاه  الاقليات الدينية فى العراق ١٩١٤ـ١٩٤١، أطروحة ماجستير غير منشورة، جامعة دهوک، كلية الاداب، قسم التاريخ، ٢٠٠٩.
٣٧.عزيز ياور: اليهود سبى وترحيل خانقين مركزا للجماعة وانموزجا، مؤسسة حمدى للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠١٨.
٣٨.د. عماد عبد السلام رؤوف: دراسات وثائقية فى تاريخ الكرد الحديث و حضارتهم، ط١، دارالزمان، ديمشق، ٢٠١٢.
٣٩.عباس العزاوى: الكاكائيه فى التاريخ، طبع شركة تجارة والطباعة محدودة، بغداد،١٩٤٩.
٤٠. فائزة محمد عزت: الكرد في اقليم الجزيرة وشهرزور فى صدر الاسلام، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة صلاحدين، ١٩٩١.
٤١.د.كازم حبيب: لمحات من نضال حركة التحرر الوطنى للشعب الكردى فى كردستان العراق، دار ئاراس للطباعه و النشر، ط٢، اربيل،٢٠٠٥.
٤١.د. كمال مظهر أحمد: كركوك و توابعها حكم التاريخ و الضمير، دراسة وثائقية عن القضية الكردية فى العراق،ج١، مطبعة رينوين، سليمانى،(ب.س).
٤٢.لونهارد راوولف: رحلة المشرق الى العراق وسوريا ولبنان و فلسطين(١٥٧٣)، ت:سليم طه تكريتى، دار الحرية للطباعة والنسرن بغداد، ١٩٧٨.
٤٣.مارک سايكس:  القبائل الكردية فى الامبراطورية العثمانية، ت: د. خليل على مراد،دار الزمان، موصل، ٢٠٠٧.
٤٤.محمود الشناوى: العراق التاه بين الطائفية والقومية، هلا للنشر والتوزيع،ط١، قاهرة، ٢٠١١.
٤٥.محمد جميل بندى الروژبيانى: مدن كردية قديمة، تاريخها، جغرافيتها، رجالها، علماؤها، ادباؤها،

مطبعة هەواڵ،ط١، سليمانية،١٩٩٩، ل٦٨.
٤٦.محمد جميل بندى الروذبيانى: مندلى فى التاريخ قديما وحديثا، من منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطنى الكردستانى، سليمانية،٢٠٠٤.
٤٧.د. محمد احسان: كركوك و المناطق المتنازع عليها فى المنظور الدستور العراقى، دار المدى،ط١، اربيل،٢٠١٢.
٤٨.محمد جاسم حمادى: الجزيرة الفراتية و الموصل، دار الرسالة، بغداد، ١٩٧٧.
٤٩.د. محمد التونجى: اليزيديون واقعهم تاريخهم معتقداتهم، الناشر دار السلفية،ط١، حلب،١٩٨٨.
٥٠.مجموعة باحث: بحوث الندوة علمية حول الكركوك، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل،٢٠٠١.
٥١.مردخاى زاكن: يهود كردستان دراسه فى فن البقاء،ت: د.سعاد محمد خدر، المركز الاكاديمى للابحاث، ط٢، بيروت،٢٠١٣.
٥٢.ياسين طه محمد: الاديان و المذاهب والعقائد فى كردستان، خلال عصر الوسيط الاسلامى، مطبعه سرا، ط١، سلێمانى، ٢٠١٩.
٥٣.ياقوت الحموى: معجم البلدان، ج٣، دار الصادر، بيروت، (ب.ت).

**چوارەم: کتێب بەزمانی فارسی:-**

١. لسترينج، گ: جغرافياى تاريخى سرزمينهاى خلافت شرقى، ت: محمود عرفان، تهران، ١٣٣٧ ش.

**پێنجەم: کتێب بە زمانی تورکی عوسمانی**

١. ش.سامى: قاموس الاعلام تاريخ و جغرافيا لغاتنى وتعبير اصحله كافهء اسماء خاصەيى جامعدار، بشنجى جلد، مهران مطبعەسى، استانبول، ١٣١٤هـ(١٨٩٦).

**شەشەم: کتێب و سەرچاوەی ئەلەکترۆنی بەزمانی ئینگلیزی:-**

1. Ashcroft, Bill, Gareth Griffiths and Helen Tiffin, The Post-Colonial Studies Reader,Routledge, USA and Canada, 2003.

2.Christie Lawrence: U.S.-Turkish Relations: Re-situating the “Kurdish Question”, A Thesis Submitted to the Sanford School of Public Policy, Duke University, Durham, NC, 2016.

3. Elem Eyrice Tepeciklioğlu: The Development of Postcolonial Theory, YaŞar University, Bremen,2012.

4.Dave van Zoonen Khogir Wirya: The Yazidis of Reconciliation and Conflict, Middle East Research Institute, arbil, 2017.
5. Gökhan Çetinsaya: Ottoman Administration of Iraq, 1890–1908, Published by Routledge, London,2017.
6.Maria T O,Shea: Trapped between the map and reality geography and perception of Kurdistan,routledge new york and London, 2004.
7.Mohammad Yunes Al.Abbadi: The papers of Al-Sharif Hussein Ali, Document published together for the first time,T: Lamya AL Khraisha, gramond premier, Jordan, 2020.
8. Ofra Bengio: Surprising Ties between Israel and the Kurds, Middle East Quarterly,summer 2014, at: https://www.meforum.org/3838/israel-kurds.
9.Patai R. Preface, in: Brauer E. The Jews of Kurdistan. Completed and Edited by R. Patai. Wayne State University Press, Detroit, 1993.
10.Habibollah atarodi: great powers, oil and the Kurds in Mosul 1915-1925, university press of America,2003.
11.Fuat Dundar: British Use of Statistics in the Iraqi Kurdish Question(1919–1932), Crown Center for Middle East Studies, BrandeisUniversity, 2012, p32, at: https://www.brandeis.edu/crown/publications/papers/pdfs/cp7.pdf.

**حەوتەم: چاوپێکەوتن:-**

١. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (د. مەحمود عوسمان)، هەولێر(١/١١/٢٠٢٠).